# كاریگەری توانستە جوگرافیەکان لە سەر دابەشبوونی جیاوازی ڕووبەری چێنراو جۆری بەرووبومە کشتوکاڵیەکان لە قەزای سەیدسادقدا

**هێمن ڕووف محمود حسن، عطا حمەلاوحمەیوسف**

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:** قەزای سەیدسادق یەکێکە لە قەزاکانی سەربە پارێزگای سلێمانی، کە دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی پارێزگاکەوە، کە ڕووبەری قەزاکە دەگاتە (٧١٠,٨كم$^{2}$)، لەم ناوچەیەدا ڕووبەرێکی زۆری زەوی بە بەرووبوومی کشتوکاڵی چێنراوە، ئامانج سەرەکی ئێمەش بەدەرخستنی دابەشبوونی جوگرافی و بڕو جۆری بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەیە، بەمەبەستی ئاشنا بوون بە کاریگەری توانستە سروشتی و مرۆییەکانی لە سەر ئەو گۆڕانکاریانەی لە ڕووبەر و جۆری بەرهەمی چێنراوی زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرە و پێش چوون و پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا. ئەنجامی توێژینەوەکە بەپێی داتاکانی ساڵی (٢٠٢٣) ڕوونی کردۆتەوە ڕووبەری زەوی چێنراوی کشتوکاڵی لە ناوچەی توێژینەوە دەکاتە ڕێژەی لە (٣٩,٧%) ی کۆی ڕووبەری گشتی قەزاکە، وە فراوانترین ڕووبەری چێنراوی کشتوکاڵی بەرووبومی دانەوێڵەی زستانە داگیری کردووە بەڕێژەی (٧٤,٤%)، پاشان بەرووبومی سەوزەواتیە (هاوینەو زستانەیەکان) بەڕێژەی (١١,٩%)، لە دوای ئەمانیش بەرووبومی باخدارییە بەڕێژەی(١١,٣%) ، هەروەها بەرووبوومە (سەلکدارەکان و پاقلەمەنیەکان) هەریەکەیان بەڕێژەی (١,٤%) و بەڕێژەی (١%) پێکدێنێت. لە کۆتایی توێژینەوەکە وەک ڕاسپاردە داوا لە لاینی پەیوەندی کراوە بە هاوکاری و بە بازاڕکردنی بەرووبومی جوتیاران وگرنگی دانی زیاتر بە پەرەپێدانی بەرووبومە گرنگ و تایبەتەکانی ناوچەکە بدات.

**کلیلە ووشە:** ڕووبەر، دابەشبوون، بەرووبوم، بەرهەم.

## پێشەکی:

جوگرافیای کشتوکاڵ لقێکی گرنگی جوگرافیای ئابووریە، چونکە کشتوکاڵ بە یەکێک لە گرنگترین کەرتەکانی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی داهاتی نەتەوەیی دادەنرێت، هەروەها بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ کەرتە ئابوریەکانی تری وەک پیشەسازیە خۆراکیەکان، کە دەبێتە هۆکاری بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاو دابینکردنی داهاتی ڕۆژانەیان، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ دەرخستنی دابەشبوونی جوگرافی وبڕی بەرهەمی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان لە قەزای سەیدسادقدا، بەو واتایەی چالاکی کشتوکاڵی یەکێکە لەو چالاکیانەی مرۆڤ کاریگەرە بە توانستە سروشتیەکانی وەک (بەرزونزمی و خاک و ئاوهەوا) وە توانستە مرۆییەکان وەک (پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بازاڕو سیاسەتی حکومەت) کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەو گۆڕانکاریانەی لە ڕووبەری چێنراوجۆرو بڕی بەرهەم لە بەرووبومی ڕووەکی و باخداری لە ماوەی ساڵانی توێژینەوە بخاتە ڕوو، وە دەرخستنی چەندین پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم ئەو گۆڕانکاریانەو پێشخستنی پێشنیارە ستراتیجیەکان لە پێناو پێشکەوتن و گرنگی دانی زیاتر بەم کەرتە.

### لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان بەم خاڵانە دەخەینەڕوو

#### ١- کێشەی توێژینەوە:

١- ئایا توانستە جوگرافیاکان کاریگەریان هەیە لەسەر دیاریکردنی ڕووبەری چێنراو و جۆری بەروبومی کشتوکاڵی و شێوازی دابەش بوونی بەروبومە کشتوکاڵیەکان؟ کام توانستیان کاریگەری زیاترە؟

٢- توانا جوگرافییەکانی قەزاکە وەك پێویست و بە باشترین شێوە بەکاردەهێنرێن لە چالاکی کشتوکاڵی دا بۆ بەدەستهێنانی هەمەجۆریی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی.

#### ٢- گریمانەی توێژینەوە:

١- کاریگەری توانستە جوگرافیاکان لە ناوچەی توێنەوە بەجۆرێکە کە بووەتە هۆی جیاوازی لە ڕووبەری چێنراو و جۆری بەروبوم و بڕی بەرهەم لە نێوان ناوچەکانی دا، توانستە مرۆیەکان وەك ( دەستی کار و بازاڕ و گواستنەوە و ...)کاریگەریان زیاترە لە توانستە سروشتیەکان.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (17)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp1-17
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 21 أيلول 2025؛ قُبل في 26 تشرين الأول 2025؛ نُشرت في 12 تموز 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : hemnraeuf033@gmail.com , ata.hama@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 هێمن ڕووف محمود حسن، عطا حمەلاوحمەیوسف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

٢- بەردەست بوونی توانا جوگرافیاکانی قەزاکە بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنرێن بۆ بەدەستهێنانی هەمەجۆری بەروبومە کشتوکاڵیەکان.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

١- خستنەڕووی دابەشبوونی ڕووبەری چێنراو و جۆرەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی و نیشاندانی پەیوەندی لە نێوان توانای جوگرافی و دابەشبونی چالاکی کشتوکاڵی لە قەزاکەدا.

٢- شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی توانای جوگرافی (سروشتی و مرۆیی) لە قەزاکەدا بۆ ئاراستەکردنی کەرتی کشتوکاڵی بەپێی ئەو توانایەی کە هەیە لە قەزاکەدا.

3- خستنەڕووی پێشنیار و ڕێگاچارە و ڕاسپاردەکان بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەکە و پێشخستنی لە قەزاکەدا.

**٤-گرنگی توێژینەوە:**

١- دیاری کردنی رۆڵ و گرنگی هۆکارە جوگرافییەکان لە ئاراستەکردنی چالاکی کشتوکاڵی کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان بە شێوەیەکی کاراتر و بەردەوام لە قەزاکەدا.

٢- باشتر بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەسەر بنەمای توانا جوگرافییەکانی ناچەکە و دەبێتە هۆی بەشداری کردنی زیاتر لە بەرزکردنەوەی ئاسایشی خۆراک.

٣- یارمەتیدەر دەبێت لە بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین جۆری بەروبووم بەپێی بارودۆخی جوگرافیای ناوچەکە.

**٥- ڕێبازی توێژینەوە:**

لە گرنگترین میتۆدە بەکارهاتوەکانیش لەم توێژینەوەدا بریتیە لە:-

١ـــ میتۆدی (وەسفی و تاقیکاری)، میتۆدی وەسفی بۆ بارودۆخە جیاوازەکانی ناوچەکە لە ڕووی شوێن و بارودۆخی سروشتی و مرۆیی بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵ، وە میتۆدی تاقیکاری بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە جوگرافی و کشتوکاڵییەکان.

٢ـــ میتۆدی (شیکاری و بەراوردکاری) بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیاریە کشتوکاڵیەکان و بەراوردکردنی ناوچە جیاوازەکانی قەزاکە بەپێی تایبەتمەندییە جوگرافییەکانیان و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر چالاکی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی بەروبومەکان.

**تەوەری یەکەم/ تایبەتمەندییە شوێنییەکان:**

**١ ـ ١ شوێنی ئەسترۆنۆمی:**

قەزای سەیدسادق لە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٠″ ، ٣٠′ ، ٣٥ °٣٥ـ ٠″ ، ١٠′ ، ٣٥ °) ی باکوری گۆی زەوی وهێڵەکانی درێژی (٠″ ، ٤٠′، ٤٥ ° ــ ٠″ ، ٠′ ، ٤٦ °) ی ڕۆژهەڵات، وەك لە نەخشەی (١) دیارە، ئەم شوێنەش دەکەوێتە باکوری ناوچەی مامناوەندی نیوەگۆی باکورەوە، کە کاریگەری لەسەر گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر و درێژی ڕۆژ و ڕەگەزەکانی تری ئاووهەوا هەیە (عبدالله، ٢٠١٥، ل٤). چونکە بازنەکانی پانی گرنگە لە دیاریکردنی جۆری کەش و هەوا، پاشان جۆری بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، پەیوەندی نێوان جۆری کەش و هەوای باو و تایبەتمەندی ناوچەکە و بەروبوومەکانی (الساعدی،٢٠٢٠، ص١٣). کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە زیادکردنی بەرهەمی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، چونکە ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە تێپەڕبوونی ژمارەو جۆری نەوارە هەواییەکان و درێژی شەو ڕۆژو گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆرو بری بەهەڵم بوون.

**١ ـ٢ شوێنی جوگرافی:**

شـوێنی جوگرافی یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی فەلسەفەی جوگرافی، ناتوانین توێژینەوە لە بابەتەکانی جوگرافی بکەین، ئەگەر نەیبەستینەوە بە شوێنەوە (ڕەئوف، ٢٠١٢، ل١٢). چونکە کاریگەری گرنگی لەسەر ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە هەیە، کە ڕوو دەکەنە کام چالاکی ئابوری و خزمەتگوزاری زیاتر لەو چالاکیە ئابوریانەی تر(الجنابي، ٢٠١٣، ص٨٤). هەروەها شوێنی جوگرافی کاریگەری گەورەی هەیە، لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لەو شوێنانەی نزیك شارە گەورەکان هەڵکەوتوون، چونکە جوتیاران هاندەدات لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو بەروبوومانەی کە خواستی زۆری دانیشتوانی لەسەرە (السعدی، ٢٠١٩، ص٨١). ناوچەی توێژینەوە لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، لە بەشی خۆرئاوای ناوەندی قەزای سلێمانیە و لە باکوری قەزای شاربازێڕە و لە باکوری خۆرهەڵاتی قەزای پێنجوێنە و لە باشوری خۆرهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا و لە باشوری خۆرئاوای لەگەڵ قەزای شارەزووردا وەك لە نەخشەی (١)دا دیارە، شوێنی جوگرافی قەزاکە بەهۆکاری زەوی بە پیت و زۆری ژمارەی دانیشتوان و نزیکی لە سەنتەری پارێزگای سلێمانی ناوچەی توێژینەوە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە هاندانی جوتیاران بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی، بەڵام نزیکی شوێنی جوگرافیەکەی لایەنی خراپیشی-هەیە وەک نزیکی لە وڵاتی ئێران و بەهۆی نەبوونی سیاسەتی کشتوکاڵی لە لایەنی حکومەتی هەرێمەوە کاریگەری خراپی هەبووە لە سەر بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکە، چونکە توانای کێبڕکێی بەرهەمی کشتوکاڵی ئێرانی نیە.

**١-٣/ پێکهاتەی کارگێڕی و ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە:**

ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، کە پێکدێت لە یەك ناحیە و سەنتەری قەزا و (٨٧) گوند، کە مەرکەزی قەزای سەیدسادق (٤٧کم) دووره لە ناوەندی قەزای سلێمانیەوە، هەروەها کۆی ڕووبەری قەزاکە بریتی یە لە (٧١٠,٨کم$^2$) یە کە دابەشبووە بەسەر ناوەنی قەزا بە ڕووبەری(٣٥٢,٢کم٢) یە کە نزیکەی(٤٩,٦%) ڕووبەری قەزاکە پێکدەهێنێت، وە ناحیەی بەرزنجە یش بەڕووبەری(٣٥٨,٦کم٢) یە کە نزیکەی(٥٠,٤%)کۆی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوەیە، وەک لە خشتەی(١) دا دیارە.


**خشتەی (١)**

**ڕووبەر و یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی گوند | ڕووبەر بە کم$^2$ | %کۆی ڕووبەری قەزا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی قەزا | ٦٠ | ٣٥٢,٢ | %٤٩,٦ |
| ٢ | سروچك | ٢٧ | ٣٥٨,٦ | %٥٠,٤ |
| کۆی گشتی | - | ٨٧ | ٧١٠,٨ | ١٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS 10.8) پشت بەستن بە:**
**ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی ڕووپێوی(GIS)، نەخشەی کارگێری بەڕێوەبەرێتی قەزای سەیدسادق، داتای بڵاونەکراوە.**

**نەخشەی (١)**
**شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەپێی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی**




**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن: بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS 10.8) پشت بەستن بە:**

ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی ، نەخشەی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٣.

## تەوەرەی دووەم/ دابەشبوونی جوگرافی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان لە قەزای سەیدسادقدا:

لە پێناو ئاشنابوونمان بە چۆنیەتی دابەشبوون و بارودۆخی کشتوکاڵ لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤ ـ ٢٠٢٣) و بە دیارخستنی باری ڕاستەقینەی کشتوکاڵ لە ناوچەی توێژینەوە کە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵییە و سەرجەم ئەو بنەماو توانستە سروشتی و مرۆییەکانی تیادا بەدی دەکرێت کە لە بەشی یەکەم و دووەم ئاماژەیان بۆ کراوە تا بتوانرێت لە ڕێگایانەوە کشتوکاڵکردن لە ناوچەکە پەرەپێدانی زیاتری پێ بدرێت، وە ئامانج لەم بەشە دیاری کردنی (ڕووبەر و جۆری بەرهەم و بڕشتی) بەرووبوومە کێڵگەیەکان و باخداری لە ناوچەی توێژینەوە بەپێ ی دیاریکردنی هەریەک لە ناوەند و ناحیەی بەرزنجە بۆ ساڵی (٢٠٢٣) و گۆڕانکاریەکانی بەکارهێنانی زەوی بە مەبەستی کشتوکاڵی لە نێوان وەرزی کشتوکاڵی ساڵی بنەڕەت (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) و ساڵی بەراوردکاری (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩ و ٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣ ) ، هەرچەندە دابەشبوونی جوگرافی و خستنەڕووی بەرووبومەکان کارێکی ئاسان نیە چونکە پێویستی بەداتای وردو باوەڕپێکراو هەیە، بەڵام گرنگی پێدانی ئەم بابەتە بەندە بەکۆمەڵە هۆکارێک کە گرنگترینیان زیادبوونی دانیشتوان و پێداویستیەکانیان و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و زۆری خواستە لە سەر بەرووبومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ و بەرهەمە پەلەورییەکان. هەروەها لەم باسەدا ئەمانەوێت زانیاری بخەینەڕوو سەبارەت بەو بەرووبومانەی کە لە خشتەی (٢) دەبینرێت.

**خشتەی (٢)**
**ڕووبەری چێنراوی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان بە (دۆنم) و ڕێژەیان لە سەرجەمی ڕووبەری چێنراو لە قەزای سەیدسادق لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣)**

| بەرووبوم | ناوەند | | بەرزنجە | | سەرجەمی قەزا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر | ڕێژە% | ڕووبەر | ڕێژە% | ڕووبەر | ڕێژە% |
| دانەوێڵەی زستانە | ٧٤٢٠٠ | ٨٢ | ٩٨٠٠ | ٤٣,٨ | ٨٤٠٠٠ | ٧٤,٤ |
| بەرووبومە پاقلەمەنیەکان | ٥٤٥ | ٠,٥ | ٥٥٠ | ٢,٥ | ١٠٩٥ | ١ |
| بەرووبومە سەلکدارەکان | ١٦١٠ | ١,٨ | ـ | ٠ | ١٦١٠ | ١,٤ |
| بەرووبومە سەوزەواتیەکان | ١٠٦٦٨ | ١١,٧ | ٢٨٣٠ | ١٢,٦ | ١٣٣٩٨ | ١١,٩ |
| بەرووبومی باخداری | ٣٥٨٩ | ٤ | ٩٢٠٠ | ٤١,١ | ١٢٧٨٩ | ١١,٣ |
| سەرجەمی بەرووبومەکان | ٩٠٥١٢ | ١٠٠ | ٢٢٣٨٠ | ١٠٠ | ١١٢٨٩٢ | ١٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

لە ئەنجامی سەیرکردنی خشتەی (٢) ئەم خاڵانەی لای خوارەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:-

١ ـ دانەوێڵە زستانەیەکان (گەنم و جۆ) بە پلەی یەکەم دێن لە ڕووی ڕووبەری چێنراو، بە ڕووبەری (٨٤٠٠٠) دۆنم، بەڕێژەی (٧٤,٤%) ی سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی قەزاکەی پێکهێناوە، گرنگی ئەم بەرووبوومە لەوەدایە سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆیەکانی ناوچەکە گونجاوە بۆپەرەپێدانی، سەرەڕای ئەوی سەرچاوەیەکی گرنگی خۆراکی سەرەکی دانیشتوان دادەنرێت و لە هەمان کاتیشدا پاشماوەکەی و بەرهەمی سەرچاوەی سەرەکی ئالیکن بۆ سامانی ئاژەڵ، جگە لەوەش تێچوونی کەمە بە بەراورد بە بەرووبومەکانی تر، هەروەها سیاسەتی هاندانی حکومەت بۆ ئەم بەرووبومە لە ڕێگەی پێدانی بنە تۆو هەندێک پێداویستی تری بەرهەمەکە وەک دەرمانی مێروو و گژوگیا زیانبەخشەکان، سەرەڕای وەرگرتنی لەلاین حکومەت بە نرخێکی بەرزتر لە بازاڕ، وەچەندین هۆکاری تری پاڵنەر بۆ فراوانی چاندنی ئەم بەرووبومە بەتایبەت (گەنم).

٢ ـ بەرووبومە سەوزەواتییەکان، سەرجەم سەوزەی هاوینەو زستانەیەکان دەگرێتەوە، ئەم بەرووبومانەیش بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی فراوانی ڕووبەری چێنراوی قەزاکە بە ڕووبەری (١٣٣٩٨) دۆنم، بەڕێژەی (١١,٩%)، لەو ڕووبەرەیش بەڕێژەیەکی فراوانی دەکەوێتە ناوەندی ئیداری قەزاکە بە ڕێژەی (٧٨,٩%) ی بەرووبەری (١٠٥٦٨) دۆنم، تەنها بەڕێژەی (٢١,١%) بەرووبەری (٢٨٣٠) دۆنم، دەکەوێتە ناحیەی بەرزنجەوە. وە لەو ڕووبەرە فراوانەیش تەنها ڕووبەرێکی زۆر کەمی بە بەرووبومی سەوزەواتی زستانە چێنراوە کە گەیشتۆتە ( ٤٥٨) دۆنم، بە ڕێژەی (٣,٤%) بەرووبومە سەوزەواتیەکان پێکدێنێن، بەڵام بەڕووبەرێکی فراوانی بەرووبومی سەوزەواتی هاوینە دەچێنرێت، بە هۆکاری گونجاوی توانستەسروشتیەکان وەک دەشتی بەپیت و فراوان وەک دەشتی شارەزوور، وە دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەرچاوەکانی ئاو بەتایبەت ئاوی ژێر زەوی کە ڕۆڵی گەورەو گرنگی بینیوە لە پەرەپێدانی، سەرەڕای توانستە مرۆییەکانی ناوچەکە وەک بونی دەستی کاری زۆری ناوچەکەو شارەزای زۆری

جوتیاران لە بەرهەم هێنانی بەرووبومە جیاوازەکان و پەرەپێدانی بەرووبومە سەوزەواتییە هاوینەیەکان بە کوالێتی باش و بڕی بەرهەمی بەرز.

٣ ـ بەرووبومی باخداری، یەکێکی ترە لە بەرووبومە گرنگەکانی ناوچەی توێژینەوە کە بەپلەی سێهەم دێت بە ڕووبەری چێنراوی (١٢٧٨٩) دۆنم، بەڕێژەی لە (١١,٣%) ی سەرجەمی بەرووبومەکانی پێکهێناوە، هۆکاری جیاوازی توانستە سروشتیەکانی ناوچەکە بۆتە پەرەپێدانی بەشێکی زۆری بەرووبومی باخداری، بە تایبەت درەختی مێو (ڕەزگەری) لە بەشی ئیدارەی ناحیەی بەرزنجە بە شێوازی دێمی بەڕووبەری (٨٨٢٧) دۆنم، بەڕێژەی لە (٦٩,٤%) ی سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی باخداری قەزاکە، بەڵام لە بەشی باشوری لە ناوەندی ئیدارەی قەزا زیاتر پەرە بەچێنراوی بەرووبومی باخداری (هەنار) دراوە بە ڕووبەری (٣٤٣٨) دۆنم، بە ڕێژەی لە (٢٦,٩%) ی سەرجەمی ڕووبەری باخداری ناوچەی توێژینەوە، سەرەڕای گونجاوی سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە بۆ پەرەپێدانی بەشێکی زۆری بەرووبومە باخدارییەکان بەتایبەت بەرووبومی باخداری درەختی (هەرمێ) کە لەم ساڵانەی دوای پەرەیان پێدراوەو لەدواتر بەوردی باسی دەکەین.

٤ ـ بەرووبومە سەلکدارەکان وەک (پیاز و پەتاتە)، بە پلەی چوارەم دێن بە ڕووبەری چێنراوی (١٦١٠) دۆنم بەڕێژەی لە (١,٤%) ی سەرجەمی بەرووبوومەکانی ناوچەی توێژینەوە، هۆکاری فراوانی ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە بە تایبەتی (پەتاتە) دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بەها خۆراکیەکەی بۆدانیشتوان و بەشداری کردنی وەک کەرەستەیەکی خاو لە بەشێکی زۆری پیشەسازییە خۆراکییەکانی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی ئاڵیکی ئاژەڵ و پەلەورییەکان، سەرەڕای گونجاوی توانستە سروشتییەکانی وەک زەوی دەشتای فراون و ئاوهەوای گونجاو وە توانستە مرۆییەکان وەک شارەزای جوتیارو فراوانی بەکارهێنانی ئامێرو تەکنەلۆژیای سەردەم لە بری دەستی کاری مرۆڤ، ئەمەش بۆتە هاندەرێکی گەورە بۆ  فراوانی ڕووبەری چێنراو پەرەپێدانی بەردەوامی لە لایەن جوتیارانی ناوچەکە.

٥ ـ بەرووبومە پاقلەمەنیەکان وەک (نۆک و نیسک و پاقلە و لۆبیا) دەگرێتەوە، بە پلەی پێنجەم دێت، بە ڕووبەری (١٠٩٥) دۆنم، بەڕێژەی (١%) ی سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی ناوچەی توێژینەوە، هەروەها (لۆبیاو نیسک) کەمترین ڕووبەری چێنراوی بەرووبومە پاقلەمەنیەکانی داگیرکردووە و گەیشتۆتە (٦٨) دۆنم، بەڕێژەی (٦,٢%) ی سەرجەمی بەرووبومی پاقلەمەنییەکان بەهۆکاری (کەمی بڕشت و نزمی نرخ و پێوستی زۆری بە دەستی کار) جوتیاران هیچ گرنگی و بایەخی پێنادەن، بەڵام نۆک زۆرترین ڕووبەری چێنراوی بەرووبومە پاقلەمەنیەکان داگیردەکات بە ڕووبەری (٧٧٠) دۆنم، بەڕێژەی (٧٠,٤%) ی سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە، بەتایبەت لە بەشی ئیداری ناحیەی بەرزنجە بە هۆکاری پەیڕەوکردنی خولی کشتوکاڵی لەم بەشەی ناوچەی توێژینەوە.

**٢ ـ ١ ـ دانەوێڵەی زستانە:**

**٢ ـ ١ ـ ١ ـ گەنم/** لەڕووی فراوانی بڵاو بوونەوی بە گرنگترین بەرووبومە دانەوێڵەیەکان دادەنرێت بە جۆرێک (٣/١) ی دانیشتوان وەک خۆراکی سەرەکی پشتی پێدەبەستێت و بەکارهێنانیشی پەیوەستە بە ئاستی گوزەرانی دانیشتوانەوە، وە فراوانی و بەربڵاوی ئەم بەروبوومەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەندین پۆلی جۆراو جۆری هەیە کە گونجاوە لەگەڵ ژینگە جیاوازەکاندا (حمەیوسف، ٢٠٢٣، ل١٤)، وە لە بازرگانی جیهانیدا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی وەرزی هەیە و بۆیە قەبارەی گشتی زەوییە چێنراوەکان و بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە سەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و دەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوەکان کە بەشدارن لە بە بازارکردنی بەرهەمەکانی گەنم زۆر گرنگن، سەرەڕای ئەوەش بە لە بەرچاوگرتنی پەرەسەندنی خواستی جیهانی بۆ دانەوێڵەی خۆراکی (ابراهیم، ٢٠٢٤، ل٧٨). وە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی فراوانی بەشداری کردنی لە بازرگانی جیهانیدا لە سەر سێ هۆکاری سەرەکی بەندە کە بریتین لە کوالێتی وەک بەرهەمێکی خۆراکی دانەوێڵەی وە کەمی دەستی کارو فراوانی بەکارهێنانی ئامێر لە بەرهەمهێنانی و هەروەها گەنم  زیاتر  لەو ناوچانەی کە دانیشتوانی کەمە دەچێنرێت، و وە ئاسانی گواستنەوەی وشکانی و دەریای عەمبارکردنی و وە زۆری ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان بۆ (گەنم) ڕێک دەخرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری توند لەسەر هەڵاوسانی نرخەکەی،( دیلون، ١٣٨٥، ص٤٩١)، چونکە بایەخی تایبەت بە خۆی هەیەو خۆراکی سەرەکی دانیشتوانەو لە هەمانکاتدا بەشتدارە لە بەشێکی زۆری پیشەسازی خۆراکی و دروست کردنی ئالیک بۆ سامانی ئاژەڵ و وە پاشماوەکەشی دەبێتە خۆراکی سەرەکی و گرنگ بۆ ئاژەڵەکان (ئیسماعیل و کوخاصادق، ٢٠٢٠، ل ١٢٣).

گەنم بە پلەی یەکەم دێت لەناو دانەوێڵە زستانەیەکان لە ناوچەی توێژینەوە وەک لە نەخشەی (٢) دەبینرێت، لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥ ، ٢٠١٨ ـ ٢٠١٩ ، ٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣) کە زۆر ترین ڕێژەی چاندنی گەنم کەوتۆتە ناوەندی قەزاکە بەڕووبەری (٧٠٧٠٠) بەڕێژەی (٨٨,٧%) بە بەراورد بەناحیەی بەرزنجە بەڕووبەری (٩٠٠٠) دۆنم بەڕێژەی (١١,٣%)، وەک لە خشتەی (٣) دەبینرێت، لە سەرئاستی قەزا کەمترین گۆڕانکاری ڕوویداوە لە ڕووبەری چێنراوی گەنم لە ناوچەی توێژینەوە، لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) ڕووبەری چێنراوی گەیشتۆتە (٨٢٠٠٠) دۆنم، بەڵام بۆ وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩) ئەم ڕووبەرە کەمی کردوە بەڕێژەی(٩%)، کە ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٧٤٦٠٠) دۆنم، وە بۆ وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣) جارێکی تر ڕوبەرەکە ڕووی لە زیابوونکردەوە بە ڕێژەی (٦,٨%) کە گەیشتۆتە (٧٩٧٠٠) دۆنم، ئەو گۆڕانکارییە کەمەش هەیە لە بڕشت و بڕی بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە، چونکە چاندنی گەنم بە پلەی یەکەم دێت لەڕووی چاندنەوە لە  ناو سەرجەم بەرووبومە کێڵگەیەکانی ناوچەی توێژینەوە بەهۆکاری گونجاوی سەرجەم بنەما سروشتییەکانی وەک ئاوهەواو گونجاوی خاکی تێکەڵ و بەپیت و بوونی دەشتی فراوان و بەپیت وەک دەشتی شارەزوور بەتایبەت لە بەشی باشوری ناوچەکە، وە لە ڕووی مرۆیش بە هەمان شێوەی بنەما سروشتیەکان گونجاوەو هۆکارە بۆ پەرەپێدانی ئەم بەرهەمە وەک بەکارهێنانی ئامێرو ئامرازەکان بەشێوەیەکی فراوان و وە کەمی تێچوونی لە چاوبەرهەمەکانی ترو بوونی بازاڕ وەک سایلۆ لە ناوچەکە، هەروەها تاڕادەیەکی باش گونجاوی نرخ و کەمی هەڵبەزودابەز لە نرخ و بڕشتی بەرهەمەکە و هاتنی تۆوی زۆر گونجاو باش بۆ ناوچەکە کە بڕشتی یەکەی ڕووبەری زۆر زیادی کردووە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند جۆر تۆوی باش و گونجاو دەکەین کە لە ناوچەی توێژنەوە دەچێنرێت وە گەنمی (سلێمانی دوو، سیمای ئیتاڵی، دنکی تورکی، ئەدەنە، جیهان، جەندەر) کە هەریەک لەم گەنمانە بڕشتیان لە یەکەی ڕووبەر زۆر بەرزە، کە بۆ هەر دۆنمێک لە زەوی بڕی (٧٥٠ - ١٠٠٠) کگم، هەرچەندە بەپێی شارەزای جوتیار و جۆری زەوی و بەکارهێنانی مادە خۆراکییە ڕووکیەکان وەک پەینی کیمیاوی و بەکارهێنانی دەرمان بۆ گژوگیا زیان بەخش و حەشەریەکان، وە بڕی داباریینی گونجاو بەسەر وەرزەکانی گەشەکردنی بڕەکەی زیادووکەم دەکات.

**خشتەی (٣)**

**ووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (گەنم) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤-٢٠٢٣).**

| یەکەکارگێڕییەکان | ٢٠١٤ ـ ٢٠١٥ | | | | | ٢٠١٨ ـ ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢ ـ ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | رووبەر / | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕوبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕوبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم |
| ناوەند | ٧٠٠٠٠ | ٨٥,٣ | ٥٠١٩٠ | ٨٧ | ٧١٧ | ٦٥٠٠٠ | ٨٧ | ٤٠٠٤٠ | ٨٥,٥ | ٦١٦ | ٧٠٧٠٠ | ٨٨,٧ | ٥٥٦٤ | ٩٠,٢ | ٧٨٧ |
| بەرزنجە | ١٢٠٠٠ | ١٤,٧ | ٧٥٦٠ | ١٣ | ٦٣٠ | ٩٦٠٠ | ١٣ | ٦٨١٢ | ١٤,٥ | ٧١٠ | ٩٠٠٠ | ١١,٣ | ٦٠٧٥ | ٩,٨ | ٦٧٥ |
| قەزاکە | ٨٢٠٠٠ | ١٠٠ | ٥٧٧٧٠ | ١٠٠ | ٦٧٣,٥ | ٧٤٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٦٩٠٤ | ١٠٠ | ٦٦٣ | ٧٩٧٠٠ | ١٠٠ | ٦١٧١٦ | ١٠٠ | ٧٣١ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣. 2 ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

ڕووبەری چێنراوی گەنم لە نێوان ناوەندی قەزاو ناحیەی بەرزنجە جیاوازیەکی زۆر هەیە، بەهۆکاری جیاوازی هۆکارەسروشتیەکان، چونکە ناوەندی قەزا ڕووبەری چێنراوی زۆر زیاترە لە چاو ناحیەی بەرزنجە، لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) بەرێژەی لە (٨٥,٣%) سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی گەنمی قەزاکەی پێکهێناوە کە بڕی بەرهەمەکەی (٥٠١٩٠) تەنە، واتە بە ڕێژەی (٨٧%) بەرهەمی گەنم دەگرێتەوە، وە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩) ڕووبەری چێنراوی گەنم لە ناوەندی قەزا کەمی کردووە بۆ (٦٥٠٠٠) دۆنم، بە دابەزینی بڕشت بۆ (٦١٦) کگم کە نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوە، کە بڕی بەرهەمی گەیشتۆتە (٤٠٠٤٠) تەن، بەهۆکاری زۆری ڕێژەی باران بارین کە زیاتر لە (١٠٠٠) ملم باران باری لەو ساڵەدا بووبە هۆکاری لەناوچوونی بەشێکی زۆری گەنم لە دەشتی شارەزوور بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (کەروو) کە بەژەنگی گەنم ناسراوە لەلایەن جوتیارانەوە، هەروەها قسەیەک لەلاین جوتیارانی شارەزوور باوەکە دەڵێن ( ئەوساڵەی وشەکە گەنمی شارەزوو سەرپشکە)، سەرەڕای ئەوەی لەم ساڵەدا بەشێکی زۆری زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە بوونە ژێر ئاوی دەریاچەی دەربەندیخانەوە، پاشان لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ـ ٢٠٢٣) جارێکی دی ڕووی لە بەرزبوونەوە کردوە کە بە ڕێژەی (٨٨,٧%) بە ڕووبەری (٧٠٧٠٠) دۆنم بە بڕی بەرهەمی (٥٥٦٤٠) تۆن بەڕێژەی (٩١,٢%) بە بڕشتی (٧٨٧) کە بەرزترین ڕووبەرو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرهەمە لە ماوەی ساڵانی ناوچەی توێژینەوە، بە هۆکاری گونجاوی فاکتەرە سروشتییەکانی وەک بڕی دابارینی گونجاو بەسەر کاتەکانی گەشەکردنی و وە بەردەست بوونی بنەما مرۆییەکانی وەک چەندین تۆوی کوالێتی بەرز و ئامێرو تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە چاندن بۆ دیاری کردنی بڕی تۆوی گونجاو بۆ هەر دۆنمێک و شارەزا بوونی جوتیاران.

سەبارەت بە ناحیەی بەرزنجەش لە ڕووی چاندنی گەنم وەک لە خشتەی ناوبراو دەبینرێت لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) بە ڕێژەی لە (١٤,٧%) بە ڕووبەری (١٢٠٠) دۆنم چێنراوی گەنمی قەزاکەی پێکهێناوە بەبڕی (٧٥٦٠) تەن، هەروەها لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩) بە هەمان شێوە ڕووبەری چێنراوی کەمی کردووە بۆ (٩٦٠٠) دۆنم، بەڵام بە پێچەوانەی ناوەندی قەزاکە بڕشتی گەیشتۆتە بەرزترین ئاست بە بڕی (٧١٠) کگم لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە، هۆکاری کەم بوونەوەی ڕووبەری چێنراو لە ماوەی ئەو وەرزەدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری زۆنگ بوونی زەوییەکانی گوندی (مۆریاس) وە بەرزی بڕشتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری پێکهاتەی خاکی ئەم ناوچەیە حەزی بە بڕی دابارینی زۆرە، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣) دیسان زیاتر بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتوە کە بە ڕێژەی ( ١١,٣%) بە ڕووبەری (٩٠٠٠) دۆنم گەنم چێنراوە کە دەکاتە لە (٩,٨%) ی ڕێژەی بەرهەم بە بڕی بەرهەمی (٦٠٧٥) تەن، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووکردنە بەرهەمەکانی تری کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا. کەواتە ناوچەی توێژینەوە زۆر گونجاوە بۆ پەرەپێدانی گەنم بەهۆکاری گونجاوی سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە بەتایبەت بەشی باشوری لە دەشتی شارەزوور بەهۆکاری زەوی بەپیت و فراوان.

### ٢ ـ ١ ـ ٢ ـ جۆ /

ڕووەکێکە کە پلە یەک لە گونجان و کارایی هەیە بە بەراورد لەگەڵ گەنم کە زیاتر بەرگەی وشکە ساڵی و نەخۆشییەکان دەگرێت و لە بارودۆخێکی ناڵەباردا هەیە و هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش زۆر جار لە و شوێنانە دەچێنرێت کە لە ڕووی باران بارین و جۆری خاکەوە بۆ گەنم گونجاو نین، هەرچەندە بەهای ئابوریەکەی لە گەنم کەمترە بەڵام یەکێک بووە لە یەکەم ڕووەکەکان کە لەلایەن مرۆڤەوە ماڵی کراوە (کوچکی، ١٣٨٥، ص٤٤). هەروەها لە ڕووی گرنگی ئابورییەوە بە پلەی چوارەم دێت لە دوای ( گەنم و برنج و گەنمەشامی) و لە بەرووبومە زستانەکانیشدا بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراو بەکارهێنراو لە دوای گەنمەوە دێت وەک لە نەخشەی (٢) دەبینرێت، وە لە هەندێک ناوچەشدا جێگەی گەنمی گرتۆتەوە لە ڕووی چاندن و بەکارهێنانیەوە وەک خۆراکی سەرەکی بە تایبەت لە ناوچەی بیابانەکاندا (حمە یوسف، ٢٠٢٣، ل ١٦).

سەبارەت بەکاتی چاندنی ئەم بەرهەمە هاوکاتە لەگەڵ چاندنی گەنم لە دوای دەستپێکردنی باران بارین لە نیوەی دووەمی تشرینی دووەم دەچێنرێت وە وەرزی گەشەکردنی لە وەرزی زستاندا دەبێت و لە کۆتای وەرزی بەهارپێدەگا و دروێنە دەکرێت، ئەو جۆیانەی لە ناوچەی توێژینەوە دەچێنرێت (جۆی سپی و جۆی ڕەش و جۆی شەش پەڕ) کە بەشی زۆری جوتیارانی ناوەندی قەزاکە لە دەشتی شارەزوور لە جۆری ( شەش پەڕ) دەچێنن چونکە بڕشتی زیاترەو گونجاوترە، وە تێکڕای ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە لە ناوچەی توێژینەوە وەک لە خشتەی (٤) دەبینرێت جیاوازییەکی زۆر بەدی ناکرێت لە ڕووبەری چێنراوی لە ئاستی قەزاکە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەدا، کە ڕووبەری چێنراوی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) گەیشتۆتە (٤٨٠٠) دۆنم لەم ڕووبەرەش زۆرترین بڕی دەکەوێتە گوندەکانی (قاینەجە و توتاقاج و کیلەکەوەو پەلی هێرۆو گرێزەو کانی پانکە و مایندۆڵ) کە ئەم گوندانەی باسمانکرد زیاتر خەریکی کاری بەخێوکردنی (مەڕو مانگان) و کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵ لەم گوندانەدا، چونکە خۆرای سەرەکی ئاژەڵەکان دەبن، هەروەها لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ـ ٢٠١٩) ڕووبەری چێنراو زیادی کردوە بۆ (٦٦٠٠)

بەڕێژەی (%٣٧,٥) هۆکاری ئەم زیادبوونەش بە هۆکاری زۆری باران بارین کە بەشێکی زەویە پاوانە سروشتییەکانی (لە وەرگای ئاژەڵان) چێنراوە، ئەم زیادبوونەش تەنها لە ناوەندی قەزابووە بەپێچەوانەوە لەسنوری ناحیەی بەرزنجە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩) ڕووبەری چێنراوی کەمی کردوە چونکە سروشتی خاکی ناوچەکەوایە ئەوساڵانەی بڕی باران بارین کەمە ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرهەمە زۆر دەبێت، چونکە بەرگەی کەم بارانی و وشکی زیاتر دەگرێت، وە لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣) ڕووبەری چێنراوی جۆ لە کۆی قەزاکە (٤٣٠٠) دۆنمە کە ئەم ڕووبەرە ڕووی لە کەمبوونەوە کردوە بەڕێژەی لە (%١٠,٤) بەراورد بە ساڵی بنەڕەت، بەهۆی کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵ و پشتگوێ خستنی ئەم بەرهەمە کەلایەن حکومەت و کەمی نرخی لە بازاڕدا.

**خشتەی (٤)**

**ووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (جۆ) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤–٢٠٢٣).**

| یەکەکارگێڕیەکان | ٢٠١٥ ـ ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ ـ ٢٠١٨ | | | | | ٢٠٢٣ ـ ٢٠٢ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم | ڕوبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم | ڕوبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم |
| ناوەند | ٣٨٠٠ | ٧٩,٢ | ١٧١٠ | ٧٩,٩ | ٤٥٠ | ٥٢٠٠ | ٩٢,٨ | ٢٨٦٠ | ٩٢,٥ | ٥٥٠ | ٣٥٠٠ | ٨١,٨ | ١٦٨٠ | ٨٢,٤ | ٤٨٠ |
| بەرزنجە | ١٠٠٠ | ٢٠,٨ | ٤٣٠ | ٢٠,١ | ٤٣٠ | ٤٠٠ | ٧,٢ | ٢٣٢ | ٧,٥ | ٥٨٠ | ٨٠٠ | ١٨,٢ | ٣٦٠ | ١٧,٦ | ٤٥٠ |
| قەزاکە | ٤٨٠٠ | ١٠٠ | ٢١٤٠ | ١٠٠ | ٤٤٠ | ٥٦٠٠ | ١٠٠ | ٣٠٩٢ | ١٠٠ | ٥٦٥ | ٤٣٠٠ | ١٠٠ | ٢٠٤٠ | ١٠٠ | ٤٦٥ |


**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

**نەخشەی (٢)**

**دابەشبوونی جوگرافی و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی (گەنم و جۆ) لە یەکەی کارگێڕی قەزای سەیدسادق لەماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (٣ – ٤) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ( Arc Map 10,8)**

ڕووبەری چێنراوی بەرووبومی ( جۆ) لە نێوان یەکەی کارگێڕی ناوەندی قەزاو ناحیەی بەرزنجە بەم شێوەیەیە:

١ ـ ناوەندی قەزای سەیدسادق بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراوی (جۆ) بە بەراورد بە ناحیەی بەرزنجە لە سەرجەم ساڵەکانی ماوەی توێژینەوە، کە لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) ڕووبەرەکەی (٣٨٠٠) دۆنم بووە واتە بەڕێژەی (٧٩,٢) سەرجەمی ڕووبەری قەزاکەیە بە بڕشتی (٤٥٠) کگم پێکیهێناوە، لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩) بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووبەری چێنراو زیادی کردوە بەهۆکاری زۆری دابارین چاندنی زەویە زۆر وشک و کەم پیتەکان، بەمەش ڕووبەری چێنراو گەیشتۆتە (٥٢٠٠) دۆنم بەڕێژەی (%٩٢,٨) بە بڕی بەرهەمی (٢٨٦٠) تەن بە بڕشتی (٥٥٠) کگم بۆ هەردۆنمێک بەمەش بەرزترین ڕێژە چێنراوە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا، سەبارەت بەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣) دیسان ڕووبەرەکەی کەمی کردوە بۆ (٣٥٠٠) دۆنم بەڕێژەی (%٨١,٤) بە بڕی بەرهەمی (١٦٨٠) تۆن بە بڕشتی (٤٨٠) کگم بۆ هەر دۆنمێک، هۆی ئەم کەمبوونەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدانی حکومەت بۆ ساغ کردنەوەی لە بازاڕداو وە کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵ لە ناوچەکە کە سەرچاوەی سەرەکی چاندنی بەرووبومەکە بوە وەک خۆراکی سەرەکی بۆیان.

٢ ـ ناحیەی بەرزنجە لە ڕووی چاندنی بەم بەرووبومە ڕوبەرێکی زۆر کەمی بەکارهێنراوە بۆی کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕووبەرەکەی کەمی کردوە، لەلایەک بەهۆکاری گرنگی نەدانی حکومەت بۆ وەرگرتنی لە سایلۆکان و لەلایەکی تر چۆڵبوونی گوندەکان و وازهێنانیان لە بەخێوکردنی ئاژەڵ، سەرەڕای کەمی نرخ و بڕشتی ئەم بەرهەمە بەرامبەر بە گەنم، کە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) ڕووبەری چێنراوی (١٠٠٠) دۆنم بووە بەڕێژەی (%٢٠,٨) بە بڕشتی (٤٣٠) کگم بۆ هەردۆنمێک، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩) ڕووبەرەکەی زۆر کەمی کردوە بۆ (٤٠٠) دۆنم بە ڕێژەی لە (%٦٠) کەمی کردەوە هەرچەندە بەرزترین بڕشتی تۆمارکردوە بە (٥٨٠)

كگم بۆ هەردۆنمێک، بەرزی بڕشت دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی باران بارین لەو ساڵەدا چونکە ئەوزەویانە دەکرێت بە جۆ کە زەوی زۆر وشک و بەردەڵانن، کە پێویستی بەڕێژەیەکی زۆر لە دابارین هەیە تا بڕشتی باش و بەرهەمی باشی هەبێت، وە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣) دیسان ڕووبەری چێنراوی زیادی کردوە بۆ (٨٠٠) دۆنم بەڕێژەی (١٠٠%) بە راورد بە وەرزی پێشووی زیادی کردوە بە بڕی بەرهەمی (٣٦٠) تەن بە بڕشتی (٤٥٠) کگم بۆ هەردۆنمێک، هۆکاری ئەم زۆری زیادبوونەی دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی جوتیارن بۆ گوندەکان و دەستکردن بە بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ.

**٢ ـ ٢ ـ بەرووبومە پاقلەمەنیەکان (نۆک، پاقلە، نیسک، لۆبیا):**

ئەم بەرووبومانە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ، چونکە ڕێژەیەکی زۆری پرۆتینیان تێدایە بە بەراورد بە زۆربەی بەرهەمە دانەوێڵەیەکان و وە سەرچاوەیەکی گرنگی پرۆتین دابین دەکەن و دەوڵەمەندن بە ووزەو ڕیشاڵی خۆراک و ڤیتامین و وە جۆرەها دژە ئۆکسینەر لە پێکهاتەکەیدا هەیە و سەرچاوەی سەرەکی ئالیکی ئاژەڵەو ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە سەر پەرەپێدانی (عبدالعزیز واخرون، ٢٠١٦، ص٢). هەروەها کاتێک زەوی بەم بەروبومانە دەچێنرێت بەبێت دەبێت لە ئەنجامی بوونی گرێی بەکتریای لەسەر ڕەگەکانیان کە دەبێتە هۆی چەسپاندنی نایترۆجین لە خاکدا بەتایبەت (پاقلە و نۆک)، بەمەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی دەبێت لە سەر پەرەپێدانی بەرووبومە کێڵگەیەکان لە ناوچەی توێژینەوە (تۆفیق، ٢٠٢٣، ل ١٠٦). گرنگترین ڕووەکە پاقلەمەنیەکان لە ناوچەی توێژینەوە لە مانەی خوارەوە پێکهاتوون: ـــ

**٢ ـ ٢ ـ ١ ـ نۆک: ـ**

یەکێکە لەبەرووبومە پاقلەمەنیەکان و بەروبومێکی بەهارەیە لە سەرەتای بەهاردا لە مانگی (ئادار) دەچێنرێت و پلەی یەکەمی وەرگرتوە لە سەرجەم بەرووبومە چێنراوە پاقلەیەکان لە ناوچەی توێژینەوە، وەک لە نەخشەی (٣) دەبینرێت، کە تێکرای ڕووبەری چێنراوی لە سەرجەمی قەزاکە بە جۆرێکە لە ساڵی ( ٢٠١٤) گەیشتۆتە (٨٠٠) دۆنم ، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) گەیشتۆتە (١٢٥٠) دۆنم واتە بەڕێژەی (٥٦,٣) زیادی کردوە و بەرزترین ئاستی چاندنی ئەم بەروبوومەیە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوە بوە بەتایبەت لەناحیەی بەرزنجە بەهۆکاری بەرزی ڕێژەی باران بارین لە مانگەکانی کۆتای ساڵ وەک مانگی (ئازار و نیسان و مایس)، بەمەش ڕووبەری چێنراو زیادی کردوە لەو زەویانەی کە پێشتر هیچ سودی کشتوکاڵیان نەبووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٣) ئەم ڕووبەرە جارێکی تر بەرەو کەم بوونەوە چۆتەوە بۆ نزیک هەمان ڕووبەری ساڵی (٢٠١٤) کە ڕووبەرەکەی (٧٥٠) دۆنمە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕووبەری چێنراو لە ماوەی ساڵانی توێژینەوە کە تاڕادەیەک نزیکە لە یەکەوە و گۆڕانکاری زۆر کەمە جگە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩)، ئەوەیش هۆکارەکە خراوەتەروو.

نۆک خواردنێکی گرنگە بۆ دانیشتوان چونکە ڕێژەیەکی زۆر پرۆتینی تیادایەو بەشێوازی وشکی و فەریکەی بەکاردەهێنرێت و وە قەدووگەلاکانیشی وەک ئالیک دەدرێت بە ئاژەڵەکان، هەروەها جۆری ئەو نۆکانەی لە کوردستان بەگشتی هەن سێ جۆرن کە بە نۆکی (غاسێ) و نۆکی (شامی) کە نۆکە حۆلەی پێدەڵێن لە بنەڕەتدا سوریە، وە نۆکی (هەزارمێرد) کە بەرهەمی ناوخۆیە و ئەم جۆرەیان بە دەڕاسەش دروێنە دەکرێت چونکە باڵای لەدوانەکەی تر بەرزترە (جاف، ٢٠٢٣، ل٢٦). لە ناوچەی توێژینەوە لە هەردوو جۆری نۆکی (شامی و هەزارمێرد) دەچێنرێت بەهۆی ئەوەی زیاتر بۆ دانیشتوان وەک خۆراک سودی هەیەو نرخیان لە بازاڕدا بەرزترە، بەڵام جۆری (غاسێ) لە ناوچەکە ناچێنرێت مەگەر زۆر بەدەگمەن، چونکە دەنکی زۆر وردەو نرخی کەمە. هەرچەندە چاندنی ئەم بەرهەمە بەراورد بە بەرهەمە دانەوێڵەیەکانی وەک (گەنم و جۆ) زۆر کەمەو سنورداره و زیاتر بۆپەیرەوکردنی خولی کشتوکاڵی و گەڕانەوەی پیتی خاک لە ناوچەکەدا دەچێنرێت، چونکە کۆکردنەوەی بەرووبومەکە پێویستی بەماندووبونێکی زۆر هەیە و بەمەش تێچوونی زۆر دەبێت، سەرەڕای ئەوەی نەخۆشی زۆرە و بڕشتی کەمە بەراود بە بەرهەمە دانەوێڵەیەکانی وەک (گەنم) ، وەک لە خشتەی (٥) وە دەبینرێت، ڕووبەری چێنراو بە نۆک جیاوازی هەیە لە ناوەندی قەزاو ناحیەی بەرزنجە بە هۆکاری پەیڕەوکردنی سیستەمی خوڵی کشتوکاڵی لە زەویە بەردەڵان و کەم پیتەکانی ناحیەی بەرزنجە، بەمەش ڕووبەری چێنراوی زیاترە بە بەراورد بە ناوەندی قەزا، کە ڕووبەری چێنراوی نۆک لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) لە ناوەندی قەرا گەیشتۆتە (٣٠٠) دۆنمە، بە ڕێژەی (٣٧,٥) بە بڕشتی (٢٧٥)کگم بۆ هەردۆنمێک وە بە بڕی بەرهەمی (٨٢,٥) تەن بەرهەم هاتووە ، وە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەرەکەی کەمی کردووە بۆ (٢٥٠) دۆنم بە ڕێژەی (٢٣,٨) وە کەم بوونی بڕشتی بۆ (٢٠٠) کگم بۆ هەردۆنمێک کە کۆی بەرهەمی (٥٠) تەن بووە، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی کەڕووی نۆک کە لە ناوجوتیاران بەگڕەی نۆک بەناوبانگە، ئەمەش بەهۆکاری زۆری باران بارین بوە لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و ساڵەدا، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) ڕووبەرەکەی جارێکی تر بەرەو بەرزبوونەوە ڕۆیشتوەو گەیشتۆتە (٢٧٠) دۆنم بە ڕێژەی لە (٣٥%) بە بڕی بەرهەمی (٧٤,٢) تەن بە بڕشتی (٢٧٥) زیادی کردووە، سەبارەت بە ناحیەی بەرزنجە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەری چێنراو (٥٠٠) دۆنمە، بە ڕێژەی (٦٢,٥) و بە بڕی بەرهەمی (١٢٥) تەن بە بڕشتی (٢٥٠)کگم وە یەکەم بەرووبومی کێڵگەییە جگە لە باخداری (ڕەزگەری) ڕووبەری چێنراوی لە ناوەندی قەزاکە زیاترە، هەروەها لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەرەکەی بە شێوازێکی زۆر فراوان ڕووی لە زیاد بوون کردوە کە بە پلەی دووەم بوە لە تەواوی بەرووبومە کێڵگەیەکان لە دوای گەنم بە ڕووبەری (٨٠٠) دۆنم بەڕێژەی (٧٦,٢) بە بڕی بەرهەمی (٢٦٤) تەن بە بڕشتی (٣٣٠) کگم بە بەرزترین بڕشت لە قەزاکە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەدا، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) هەرچەندە ڕووبەرەکەی ڕووی لە کەم بوونەوە کردوە بە ڕووبەری (٥٠٠) دۆنم بە بڕی بەرهەمی (١٢٥) تەن و بە بڕشتی (٢٥٠) کگم بۆهەردۆنمێک، هۆکاری فراوانی چاندنی ئەم بەرووبومە لە سنوری ئیداری بەرزنجە بەبەراورد بە ناوەندی قەزا دەگەڕێتەوە بۆ زۆری زەوی دێم و پەیرەوکردنی خولی کشتوکاڵی بەهۆکاری کەم پیتی زەوییەکان و لەلایەکی تر بچوکی ڕووبەری پارچە زەویەکان و نەگونجانی سروشتی ناوچەکە بە شێوازی گشتی بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی کشتوکاڵی وەک ئامێری دورویێنەکردنی (دەراسە) گەنم و جۆ.

**خشتەی (٥)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (نۆک) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣).**

| یەکەکارگێڕیەکان | ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم | ڕوبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم | ڕووبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم |
| ناوەند | ٣٠٠ | ٣٧,٥ | ٨٢,٥ | ٣٩,٨ | ٢٧٥ | ٢٥٠ | ٢٣,٨ | ٥٠ | ١٦ | ٢٠٠ | ٢٧٠ | ٣٥ | ٧٤,٢ | ٣٧,٢ | ٢٧٥ |

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرزنجە | ٥٠٠ | ٢٢,٥ | ١٢٥ | ٢٠,٢ | ٢٥٠ | ٨٠٠ | ٧٦,٢ | ٢٦٤ | ٨٤ | ٣٣٠ | ٥٠٠ | ٢٥ | ١٢٥ | ٢٢,٨ | ٢٥٠ |
| قەزاکە | ٨٠٠ | ١٠٠ | ٢٠٧,٥ | ١٠٠ | ٢٦٢,٥ | ١٠٥٠ | ١٠٠ | ٣١٤ | ١٠٠ | ٢٥٠ | ٧٧٠ | ١٠٠ | ١٩٩,٢ | ١٠٠ | ٢٦٢,٥ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

**٢ ـ ٢ ـ ٢ ـ پاقلە:**

یەکێکە لە بەرووبومە پاقلەییەکان کە لە وەرزی زستاندا دەچێنرێت و لە وەرزی بەهار دەست بە گوڵکردن و پێگەیشتن دەکات و بەروبومێکی گرنگەو توانای جێگیرکردنی نایترۆجینی هەوای لە خاکدا هەیە (محمد، ٢٠١١، ل ٤٢). لە ڕێگەی ئەو بەکتریایانەی لە سەر ڕەگەکانیان دروست دەبن بە ناوخاکدا بڵاو دەبنەوە و پاشان بەڕێگەی کیمیاوی شی دەبنەوە و دەبێتە نایترۆجینی بەسود بۆ خاک و گەڕانەوەی پیتی و نوێ بوونەوەی، هەر ئەمەشە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پاقلە لە خولی کشتوکاڵیدا بە گرنگیەکی زۆر دادەنرێت، لە لایەکی تر گرنگی ئەم بەروبوومە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە دۆخی سەوزی خۆیدا وەک مادەیەکی خۆراکی گرنگ بەکاردەهێنریت، هەروەها بە وشک کردنەوەیشی وەک خۆراک بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، سەرەڕای ئەوەی وەک خۆراکی ئاژەڵیش بەکاردێت بەوپێیەی مادەی پرۆتینی زۆر بەرزی هەیەو بەکارهێنانی شیری ئاژەڵەکان زیاد دەکات (هارون، ٢٠٠٠، ص ١٨١). ئەم بەرووبومە بە پلەی دووەم دێت لە ناو بەرووبومە پاقالە مەنییەکاندا وەک لە خشتەی (٦) و نەخشەی (٣) دەبینرێت، کە تێکڕای ڕووبەری چێنراوی لە سەرجەم قەزا لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) گەیشتۆتە (١٠٥) دۆنم، وەلە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەری چێنراو گەیشتۆتە (١٩٠) دۆنم واتە بەڕێژەی (٨١%) زیادی کردوەو، ئەم زیادبوونەش لە ناوەندی قەزابووە بە هۆکاری گرنگی دانی جووتیاران بەم بەرووبومە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی لە ناوەندی قەزاکە ئەوانیش، یەکەم: بەهۆکاری هاتنی چەندین بنەتۆی کوالیتی بەرزی هەیە و بەرزی نرخی لە بازاڕدا و زۆری خواست لە سەر ئەم بەرووبومە بەشێوازی فەریکەی (تەڕە) لە بازاڕدا، لە لایەکی تر ماندووبوونی زەویە کشتوکاڵییەکانی ناوەند بە هۆکاری چاندنی کشتوکاڵ بە شێوازێکی بەردەوام وچڕ، دووەم: گەڕانەوەی پیتی بۆ خاک و چاندنی زەویەکان لە هەر چوار وەرزەی ساڵدا، کە لە دوای کۆکردنەوەی بەرهەمەکە گونجاوە بۆ چاندنی بەروبوومە سەوزەواتیە هاوینەیەکانی وەک (خەیار و کولەکە و باینجان و کاڵەک و شوتی)، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) ڕووبەری چێنراو گەیشتۆتە (٢٥٦) دۆنم بە ڕێژەی (١٤٣,٨%) زیادی کردوە، کەواتە یەکێکە لە وبەرووبومانەی کە گرنگی باشی پێدراوە و پێویستە پەرەپێدانی زیاتری بۆ بکرێت بە هۆکاری گونجاوی سەرجەم بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە بەتایبەت لە ئیدارەی ناوەندی قەزا لە دەشتی شارەزوور.

**خشتەی (٦)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبوومی (پاقلە) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣)**

| یەکەکارگێڕییەکان | ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر/ | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕوبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕوبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم |
| ناوەند | ١٠٠ | ٩٥,٢ | ١٥٥ | ٩٧,٧ | ١٥٥٠ | ١٥٠ | ٧٩ | ٣٣٧, | ٩٠,٤ | ٢٢٥٠ | ٢٥٠ | ٩٧,٧ | ٥٢٥ | ٩٩,٢ | ٢١٠٠ |
| بەرزنجە | ٥ | ٤,٨ | ٣,٥ | ٢,٢ | ٧٠٠ | ٤٠ | ٢١ | ٣٦ | ٩,٦ | ٩٠٠ | ٦ | ٢,٣ | ٤,٢ | ٠,٨ | ٧٠٠ |
| قەزاکە | ١٠٥ | ١٠٠ | ١٥٨,٥ | ١٠٠ | ١١٢٥ | ١٩٠ | ١٠٠ | ٣٧٣,٥ | ١٠٠ | ١٥٧٥ | ٢٥٦ | ١٠٠ | ٥٢٩,٢ | ١٠٠ | ١٤٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە جیاوازی زۆری هەیە لە نێوان یەکەی کارگێڕی ناوەندی قەزاو ناحیەی بەرزنجە بەم شێوەی لای خوارەوە: ـ

١ ـ ناوەندی قەزا بەپلەی یەکەم دێت لە ڕووبەری چێنراوی بەرووبومی پاقلە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) کە ڕووبەری چێنراوی گەیشتۆتە (١٠٠) دۆنم بە بڕی بەرهەمی (١٥٥) تەن و بە بڕشتی (١٥٥٠) کگم بۆ هەر دۆنمێک، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەری چێنراو گەیشتۆتە (١٥٠) دۆنم بە بڕی بەرهەمی (٣٣٧,٥) تەن بە بڕشتی (٢٢٥٠) کگم، زیادی کردوە بەهۆکاری بەرزی ڕێژەی باران بارین لە و ساڵەدا و خواستی بازاڕو گەڕانەوەی پیتی بۆ ئەو زەویانەی زۆر ماندووبوون لەلایەن جوتیارانەوە ، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەرەکەی زیادی کردووە بۆ (٢٥٠) دۆنم بە بڕشتی (٢١٠٠) کگم و بڕی بەرهەمی (٥٢٥) تەن، دووبارە هۆکاری ئەم زیاد بوونە سەرەڕای ئەوانەی باسمانکرد چاندنی زەوی کشتوکاڵییە بەدرێژای ساڵ لە دوای ئەم بەرهەمە گونجاوە بۆ چاندنی بەرووبومەکانی تر کە لە پێشەوە باسمانکردووە.

٢ ـ سەبارەت بە ناحیەی بەرزنجە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەری چێنراو (٥) دۆنمە بە بڕشتی (٧٠٠)کگم ، وە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەرەکەی ڕووی لە زیادبوونکردوە گەیشتۆتە (٤٠) دۆنم بە بڕشتی (٩٠٠) کگم بۆ هەردۆنمێک، کە ئەمەش بەرزترین ڕووبەری چێنراو بڕشتیەتی بەهۆکاری زۆری شێداری ئەو وەرزە کشتوکاڵییە، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی دی ڕووبەری چێنراو ڕووی لە کەمبوونەوە کردوە بۆ (٦) دۆنم بە بڕشتی (٧٠٠) کگم، بەشێوازێکی گشتی هۆکاری کەمی چاندنی پاقلە لە سنوری ناحیەی بەرزنجە دەگەڕێتەوە بۆ نزمی پلەی گەرمی و زۆری دروست بوونی زوقم وبەفربارین لەوەرزی زستاندا کایگەری خراپی لەسەر هەیە و گونجاو نیە بۆچاندنی ئەم بەروبومە، لەلایەکی ترنەبوونی دەستی کاری پێویست لە

گوندەکانی سنوری ئیداری ناحیەی بەرزنجە، چونکە بۆ چنینەوەی دەستی کاری زۆری ڕۆژانەی پێویستە.

**٢ ـ ٢ ـ ٣ ـ نیسک:**

یەکێکی ترە لە بەرووبومە پاقلەییەکان کە تۆوەکەی گرنگیەکی گەورەی بۆ مرۆڤ هەیە و کە بڕێکی زۆر پرۆتینی تێدایە بەڕێژەی (٢٥%) و وە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ووزەی کاربۆهیدرات بە ڕێژەی (٦٠%) (سمیە، ٢٠١٥، ص٢٠). وە قەدوو گەڵاکەیشی وەک ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت، پاشان وەک هەموو بەروبوومە پاقلەمەنیەکان گرنگییەکی زۆری هەیە لە خولی کشتوکاڵیدا، چونکە چاندنی دەبێتە هۆی گەڕانەوەی پیتی خاک و بەهێز بوونی لە ڕێگەی بەکتریای (رایزوبیا) کە لەسەر ڕەگی ئەم بەرووبوومەدا هەیە و ئەمەش وادەکات نایترۆجینی هەوا لە خاکدا جێگیر بکات (ابوسبعە، ٢٠١٨، ص٢)، سەبارەت بە چاندنی ئەم بەروبوومە لە ڕووبەرێکی زۆر کەمی ناوچەی توێژینەوە دەچێنرێت، وەک لە خشتەی (٧) و نەخشەی (٣) دەبینرێت، کە تێکڕای ڕووبەری چێنراوی لە سەرجەمی قەزاکە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) گەیشتۆتە (٣٠) دۆنم، وە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەری چێنراو بەڕێژەی (٦٦,٧%) زیادی کردووە و گەیشتۆتە (٥٠) دۆنم، ئەم زیادبوونەیش تەنها لە سنوری ئیدارەی بەرزنجە بووە، هەرچەندە لە ناوەندی قەزا هیچ ڕووبەرێکی چێنراومان نەماوە، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی دیکە ڕووبەری چێنراو کەمی کردووە و گەیشتۆتە (٤٠) دۆنم، وە کۆی ئەو ڕووبەرە کەوتۆتە ناحیەی بەرزنجەوەو، هیچ ڕووبەرێکی چێنراوی نیە لە ناوەندی قەزا، بە هۆکاری نزمی نرخەکەی و نەبوونی خواستی دانیشتوان لە سەری دەبێتە هۆی زیانلێکەوتنی جوتیار و دەست نەکەوتنی هیچ قازانجێک لە لایەن جوتیارانەوە و لە لایەکی تر ئاشنا نەبوونی جوتیارانی شارەزوور بە کلتوری چاندنی ئەم بەرووبومە.

**خشتەی (٧)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (نیسک) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣).**

| یەکەکارگێڕیەکان | ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم |
| ناوە | ١٠ | ٣٣,٣ | ١٨,٥ | ٣٦ | ١٨٥٠ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| بەرزنجە | ٢٠ | ٦٦,٧ | ٣٣ | ٦٤ | ١٦٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ | ٩٥ | ١٠٠ | ١٩٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٦٨ | ١٠٠ | ١٧٠٠ |
| قەزاکە | ٣٠ | ١٠٠ | ٥١,٥ | ١٠٠ | ١٧٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ | ٩٥ | ١٠٠ | ١٩٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٦٨ | | ١٧٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە زۆر کەمە لە ناوچەی توێژینەوە سەرەڕای ئەوەش تەنها لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) لە ناوەندی قەزا بە ڕووبەری (١٠) دۆنم، چێنراوە بە بڕشتی (١٨٥٠) کگم بە بڕی بەرهەمی (١٨,٥) تەن، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩و ٢٠٢٣) هیچ ڕووبەرێکی چێنراومان نیە بە هۆکاری کەمی خواست لە بازاڕدا و نزمی نرخ و زۆری تێچوونی کرێی دەستی کار بە هۆکاری نەبوونی ئامێری دوررووێنەکردن، سەبارەت بە ناحیەی بەرزنجە لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەری گەیشتۆتە (٢٠) دۆنم، بەڕشتی (١٦٥٠) کگم بەبڕی بەرهەمی (٣٣) تەن، پاشان ڕووبەرەکەی ڕووی لە زیاد بوون کردوە بۆ (٥٠) دۆنم بە بەرزترین بڕی بڕشت بە (١٩٠٠) کگم بۆ هەردۆنمێک، بە بڕی بەرهەمی (٩٠) تەن، کە ئەمەش بەرزترین ڕووبەری چێنراوە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوە بە هۆکاری زۆری دابارین لەو ساڵەدا و پەیڕەوکردنی خولی کشتوکاڵی لەم بەشەی ناوچەکەدا، هەروەها لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەری چێنراو ڕووی لە کەمی کردووە و گەیشتۆتە (٤٠) دۆنم بە بڕشتی (١٧٠٠) کگم بە بڕی بەرهەمی (٦٨) تۆن، هۆکاری چاندنی ئەم بەرووبومە دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی خولی کشتوکاڵی و بچوکی ڕووبەرە کشتوکاڵیەکان کە بۆ چاندنی زۆر لە بەروبومەکان گونجاو نیە لەم بەشەی ناوچەی توێژینەوەدا.

**٢ ـ ٢ ـ ٤ ـ لۆبیا:**

بە هەمان شێوەی ( نۆک و پاقلەو نیسک) یەکێکە لە بەرووبومە پاقلەمەنییەکان کە سودی گرنگی بۆ مرۆڤ هەیە و چەندین جۆری لۆبیا لە ناوچەی توێژینەوە دەچێنریت وەک (لۆبیای ئەمریکی و کوردی) کە زیاتر لۆبیا ئەمریکیەکە دەچێنرێت، چونکە بڕشتی زۆر زیاترە، ئەم بەرووبومە زیاتر بە شێوازی سەوزی (فەریکەی) دەخرێتە بازاڕەوە و بەم شێوەیە خواستی دانیشتوان زیاترە لە سەری، هەروەها گەڵاو قەدوو پاشماوەکانیشی وەک ئالیک ئاژەڵی ناوچەکە سودی لێدەبینن، لە خشتەی (٨) ونەخشەی (٣) دەرکەوتوە جیاوازی زۆر هەیە لە ڕووبەری چێنراوی لە سەر ئاستی ناوەندی قەزاو یەکەی کارگێڕی ناحیەی بەرزنجە، بە جۆرێک لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەری چێنراوی گەیشتۆتە (٢٥) دۆنم، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ئەم ڕووبەرە بەڕێژەی (٨٤%) زیادی کردووە و ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٤٦) دۆنم، هۆکاری ئەم زیاد بوونەیش بە هەمان شێوەی بەرووبومەکانی تر بوونی سەرچاوەکانی ئاوی پێویست بۆ بەروبومەکە و هەبوونی دەستی کاری پێویست بۆکۆکردنەوەی چونکە پێویستی بەدەستی کاری زۆر هەیە، هەروەها لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەری چێنراوی ڕووی لە کەمی کردووە و گەیشتۆتە (٢٨) دۆنم، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ گرانی نرخی دەستی کار بۆ بەرهەمهێنان و چنینەوەی بەرهەمەکەی.

**خشتەی (٨)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (لۆبیا) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩ ، ٢٠٢٣).**

| یەکەکارگێڕیەکان | ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر/ | ڕێژە % | بەرهەم/ | ڕێژە % | بڕشت/ | ڕووبەر/ | ڕێژە % | بەرهەم/ | ڕێژە % | بڕشت/ | ڕووبەر/ | ڕێژە % | بەرهەم/ | ڕێژە % | بڕشت/ |

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند | ٢٠ | ٨٠ | ٢٧ | ٨١,٢ | ١٣٥٠ | ٣٧ | ٨٠,٤ | ٧٧,٧ | ٨٢,٧ | ٢١٠٠ | ٢٥ | ٨٩,٣ | ٧٠ | ٩٢,١ | ٢٨٠٠ |
| بەرزنجە | ٥ | ٢٠ | ٦,٢ | ١٨,٨ | ١٢٥٠ | ٩ | ١٩,٦ | ١٦,٢ | ١٧,٣ | ١٨٠٠ | ٣ | ١٠,٧ | ٦ | ٧,٩ | ٢٠٠٠ |
| قەزاکە | ٢٥ | ١٠٠ | ٣٣,٢ | ١٠٠ | ١٣٠٠ | ٤٦ | ١٠٠ | ٩٣,٩ | ١٠٠ | ١٩٥٠ | ٢٨ | ١٠٠ | ٧٦ | ١٠٠ | ٢٤٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە جیاوازی هەیە لە ناوەندی قەزاو ناحیەی بەرزنجە بەم شێوەی خوارەوە: ـ


١ ـ ناوەندی قەزا بەپلەی یەکەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراوی بەرووبومی لۆبیا لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ، ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٢٠) دۆنم بە بڕشتی (١٣٥٠) کگم لە هەردونمێک کە بڕی بەرهەمی دەگاتە (٢٧) تەن، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەری چێنراوی ڕووی لە بەرزبوونەوەکردووە بۆ بەرزترین ئاست کە گەیشتۆتە (٣٧) دۆنم بە بڕشتی (٢١٠٠) کگم/دۆنم، بە بڕی بەرهەمی (٧٧,٧) تەن، هۆکاری ئەم زیادبوونەش بوژانەوەی سەرچاوە ئاویەکانی ناوچەکەیە بەهۆی زۆری ڕێژەی دابارین لە وساڵەدا، هەروەها لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەری چێنراو ڕووی لە کەمبوونەوە کردوە و گەیشتۆتە (٢٥) دۆنم بە بڕشتی بەرزترین ئاست (٢٥٠٠) کگم/دۆنم، بەهۆکاری هاتنی تۆوی کوالێتی بەرز کە بڕی بەرهەمی گەیشتۆتە (٧٠) تەن.

٢ ـ لە ناحیەی بەرزنجە ڕووبەری چێنراو بە بەرووبوومی لۆبیا زۆر کەمە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەرەکەی تەنها (٥) دۆنم، بە بڕشتی (١٢٥٠) کگم/دۆنم بەبڕی بەرهەمی (٦,٢) تەن، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەرەکەی ڕووی لە زیاد بوون کردوەو گەیشتۆتە (٩) دۆنم بە بڕشتی (١٨٠٠) کگم/دۆنم، بە بڕی بەرهەمی (١٦,٢) تەن، هۆکاری ئەم زیادبوونەش ژیانەوەی (کانی و چەمەکانی) ناوچەکە بوە بەهۆی زۆری باران بارین لە ساڵی(٢٠١٨ - ٢٠١٩)، پاشان لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) ڕووبەری چێنراو جارێکی تر ڕووی کەم بوونەوە کردوە گەیشتۆتە (٣) دۆنم بە بڕشتی (٢٠٠٠)کگم/دۆنم، بەبڕی بەرهەمی (٦) تەن، بەشێوەیەکی گشتی هۆکای کەمی ڕووبەری چێنراو لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو هۆکاری سروشتی وەک ( کەمی زەوی کشتوکاڵی گونجاو بۆ بەرووبومەکە)، وە هۆکاری مرۆی کە بەکاریگەرترین هۆکار دادەنرێت وەک (کەمی دەستی کار) لەم بەشەی ناوچەی توێژینەوە، چونکە بەشێکی زۆری گوندەکانی چۆڵن، کە ئەم بەرووبومە پێویستی بەدەستی کاری هەرزان هەیە بۆ چنینی وە خراپی ڕێگاکانی هاتووچۆی بۆ خستنە بازاڕی، بەمەش کرێی تێچوونی زیاد دەکات و جوتیار تووشی زیان دەبێت.

کردوە بەبەراورد بە ساڵی (٢٠١٤) بەڕێژەی (٦٥,٤%) کە ڕووبەری گەیشتۆتە (٧١) دۆنم، هۆکاری ئەم کەمبونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدانی حکومەت بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەم وهاوردەکردنی لە دەرەوە بە کوالێتی زۆر بەرزوو نرخی گونجاو، سەرەڕای زۆری تێچوونی دەستی کارو کەمی نرخ و کەمی بەرهەم بەراورد بە بەرووبوومە هاوینەیەکانی تر وەک ( شوتی و تەماتەو پەتاتەو کاڵەک)، لە مەوە بۆمان دەردەکەوێت هیچ پەرەپێدانێک بۆ ئەم بەرووبومە نەکراوە.

**نەخشەی (٣)**

**دابەشبوونی جوگرافی و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی(تۆک و پاقلەو نیسک و لۆبیا) لە یەکەی کارگێڕی قەزای سەیدسادق لەوەرزی کشتوکاڵی(٢٠١٤،٢٠١٩،٢٠٢٣).**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (٥ – ٦ – ٧ - ٨) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map 10,8)

**٢ ـ ٣ ـ بەرووبومە سەلکدارەکان:**

بریتیە لەو بەرووبومە کێڵگەیانەی بەئامانج ڕەگەکانیان (سەلکەکانیان) دەچێنرێن، کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک خۆراکی مرۆڤ بەکاربهێنرێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان وەک (پەتاتە) کەرەستەیەکی خاوی زۆرگرنگە لە چەندین پیشەسازیە خۆراکیە گرنگەکانی سامانی ئاژەڵ و مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەی بە هایەکی خۆراکی و تەندروستی گرنگی هەیە وەک سەرچاوەی کاربۆهیدرات، وەک لە نەخشەی (٤) دەبینرێت، گرنگترین بەرووبومە سەلکدارەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە: -

**٢ ـ ٣ ـ ١ ـ پەتاتە**

باشترین ژینگەی گونجاوی بەرهەمهێنانی پەتاتە بریتیە لە خاکی تێکەڵ و درێژی ڕۆژ بۆ گەشەکردن و بەرهەمی زۆرباش، لە ناوچەی توێژینەوە ئەو ژینگە گونجاوە هەیە (الشریف، ٢٠١٦، ص٢٨٦). سەرەڕای ئەوەی پێویستی (٦٠٠ ـ ١٠٠٠) ملیم باران بارین هەیەو ئەوناوچانەی بڕی بارانی پێویستی نەبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بڕە ئاوە پشت بە سیستەمی ئاودێری کردن دەبەستێت (ئیسماعیل وکۆخاصادق، ٢٠٢٠، ل٢٣٧). لە هەرێمی کوردستان سێ وەرز چاندنی پەتاتە هەیە (وەرزی هاوینەو زستانەو بەهارە) تەنها لە قەزای پێنجوێن لە وەرزی هاوین دەچێنرێت، لە سەرجەم ناوچەکانی تر لە وەرزی (بەهارو زستان) دەکرێت، لە ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی لە جۆری بەهارە دەکرێت کە لە مانگی ئازار دەست بەچاندنی دەکرێت و لە مانگی مایس کۆدەکرێتەوە، ئەو جۆرانەیشی لە ناوچەکە دەکرێت دووجۆری پەتاتە بەرهەم دەهێنرێت جۆرێکیان بۆخواردنە کە زۆرترین ڕووبەری چێنراو لەم جۆرەیانە و جۆرێکی تر دەچێتە پیشەسازییەوە بە تایبەت بۆ دروستکردنی (جپسی

پەتاتە)، چاندنی ئەم بەرهەمە لەماوەی ساڵانی توێژینەوە وەک لە خشتەی (٩) دەبینرێت، لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) گەیشتۆتە (١١٠) دۆنم، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەرەکە زۆر ڕووی لە زیادبوون کردووە بەڕێژەی (١٧٢,٧%) گەیشتۆتە (٣٠٠) دۆنم، پاشان لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەرەکەی بەشێوەیەکی زۆر زیاد ڕووی لە بەرزبوونەوە کردوە بە ڕێژەی (٨٠٩%) بەراورد بە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) کە گەیشتۆتە (١٠٠٠) دۆنم، کە بۆتە جێگای سەرنج و پەرەپێدانی ئەم بەرهەمە لەلایەن جوتیارانی ناوچەی توێژینەوە بە هۆی ئەم کۆمەڵە هۆکارانەی خوارەوە: -

١ – بەرزی بڕشتی ئەم بەرووبومە بەراورد بە بەشێکی زۆری بەرووبومە کێڵگەیەکان.

٢ – کەمی دەستی کاری مرۆڤ و بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکان بەشێوەیەکی زۆر فراوان، ئەمەش بۆتە هۆکاری کەمی تێچوونی بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی بەرهەم بەکاتێکی کەم.

٣ – کەمی نەخۆشیەکانی بەرووبومەکە و شارەزابوونی جووتیار لە چارەسەرکردنی.

٤ – بوونی پێویستی دانیشتوان وخواستی بازاڕ لەسەری، سەرەڕای توانای هەڵگرتن و هەناردەکردنی بەرەو پارێزگاکانی باشورو ناوەڕاستی عێراق.

٥ – هاندان و هاوکاری کردنی جوتیارلەلایەن کۆمپانیاو کارگەکانی بەرهەمهێنانی (چپس) وەک پێدانی تۆو باش و گونجاو بێبەرامبەرو سەرپەرشتی کردنی لەلایەن کەسانی شارەزاو پسپۆر بۆ پێدانی ڕێنمای بە جوتیاران تابتوانن بەرهەمی باش و بڕشتی باشیان هەبێت.

٦ – کەمی پێویستی بە ئاودان لە ناوچەکەدا، چونکە کاتی چاندن وبەشی زۆری گەشەکردنی دەکەوێتە وەرزی باران بارین، تەنها لە کۆتاییەکانی پێگەیشتن پێویستی بە ئاودێری کردن هەیە ئەویش بە شێوازی زانستی وسەردەمیانە وەک بەشێوەی پرژاندن (باران بارین) کە کەمترین ئاوی پێویستە بەراورد بەبەرووبومە کێڵگەیە هاوینەیەکان.

٧ – گونجاوی نرخ و جێگیری تاڕادەیەکی باش بۆ بەرچاوڕوونی جوتیاران پێش کۆکردنەوەی بەرهەم.

سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە دەکەوێتە ئیدارەی ناوەندی قەزا لە دەشتی شارەزوور لە باشوری خۆرهەلاتی ناوچەی توێژینەوە لە گوندەکانی (مەستەکان و بێرەشکەو ناوگردان و کەڵتەکەو گامێشتەپەو گردەنازێ وکەڵوڕان و گردی شەریف سۆیلەمیش و قوماش و مووان) ، بەهۆکاری گونجاوی سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆییەکان.

**خشتەی (٩)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (پەتاتە) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣)**

| یەکە کارگێڕییەکان | ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم | ڕوبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم | ڕوبەر / دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم / تۆن | ڕێژە % | بڕشت / کگم |
| ناوەند | ١١٠ | ١٠٠ | ٩٩٠ | ١٠٠ | ٩٠٠٠ | ٣٠٠ | ١٠٠ | ٣٦٠٠ | ١٠٠ | ١٢٠٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ | ١٣٠٠٠ | ١٠٠ | ١٣٠٠٠ |
| بەرزنجە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزاکە | ١١٠ | ١٠٠ | ٩٩٠ | ١٠٠ | ٩٠٠٠ | ٣٠٠ | ١٠٠ | ٣٦٠٠ | ١٠٠ | ١٢٠٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ | ١٣٠٠٠ | ١٠٠ | ١٣٠٠٠ |

سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

ڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە تەنها دەکەوێتە ئیدارەی ناوەندی قەزاکەوە، کە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەری چێنراوی گەیشتۆتە (١١٠) دۆنم، واتە بەڕێژەی لە (١٠٠%) سەرجەمی ڕووبەری قەزاکە بە بڕی بەرهەمی (٩٩٠) تەن، بە بڕشتی (٩٠٠٠) کگم، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەری چێنراو ڕووی لە زیادبوون کردوەو گەیشتۆتە (٣٠٠) دۆنم بەبڕی بەرهەمی (٣٦٠٠) تۆن بە بڕی بڕشتی (١٢٠٠٠) کگم، پاشان لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەری چێنراو زۆر زیادی کردوەو گەیشتۆتە (١٠٠٠) دۆنم بە بڕی بەرهەمی (١٣٠٠٠) تۆن بەبڕشتی (١٣٠٠٠) کگم، هۆکاری ئەم زیادبوونی بەردەوامی ڕووبەری ئەم بەرووبومە دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسمان کردوون، هیچ بەرووبومێکی کێڵگەی نیە بڕشتی ئەوەندە بەرز بێت و پەیدابوونی شارەزای جووتیار بەم بەرووبومە، بەڵام لە ئیدارەی ناحیەی بەرزنجە هیچ ڕووبەرێک بەم بەرووبومە نەچێنراوە، چونکە پێویستی بەبەکارهێنانی ئامێرو ئامرازەکان هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی سروشتی ناوچەکە وەک (بەرزونزمی زۆر و کەمی ڕووبەری دەشت و جۆری خاک و کەمی سەرچاوەکانی ئاوگونجاونیە)، سەرەڕی شارەزانەبوونی جوتیارانی ناوچەکە بەم بەرووبومە.

## ٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ پیاز

یەکێکی ترە لە بەرووبومە سەلکدارەکان، چوار جۆری هەیە وەک (سپی و سورو مۆرو زەرد)، وەرزی چاندنی ئەم بەرووبومە لە مانگی (شوبات) دەست پێدەکات وە لە مانگی (ئاب) بەرەکەی کۆدەکرێتەوە، لە ناوچەی توێژینەوە دووجۆری سەرەکی لەم بەرووبومە دەچێنرێت وەک پیازی (توون) کە زیاتر لەلاین دانیشتوانەوە بۆ تێکەڵکردنی لەگەڵ ئامادەکردنی ژەمە خواردنەکان بەکاردێت، بەڵام جۆری دووەم پیازی (شیرینە) ئەمەیان زیاتر لە مەتعەم و خواردنگەکان بەکاڵی بەکاردێت، لەم ساڵانەی دوای خواست لەسەر ئەم جۆرەیان زیاتر بووە لەلایەن جوتیارانی ناوچەکە بە هۆکاری زۆری بڕشتی و خواستی زیاتری بازاڕلە سەری، سەبارەت بەڕووبەری چێنراوی ئەم بەرووبومە لەناوچەی توێژینەوە وەک لە خشتەی (١٠) دەبینرێت ڕووبەرێکی زۆری چێنراوە کە لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤) ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٢٢٢) دۆنم، بەڵام لەوەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) ڕووبەرەکەی زۆر زیاد کردوە بە ڕێژەی (٢٤٠%) کە گەیشتۆتە (٧٥٥) دۆنم، هۆکاری ئەم زۆری زیاد بوونەی ڕووبەری چێنراو دەگەڕێتەوە بۆ ژیانەوەی سەرچاوەکانی ئاو بەهۆکاری زۆری داباران لە ساڵی (٢٠١٨ ـ ٢٠١٩)، پاشان لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) جارێکی تر ڕووبەری چێنراو ڕووی لە کەمبوونەوەکردوە بە بەراورد بە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٩) بە ڕێژەی (١٩,٢%) کە گەیشتۆتە (٦١٠) دۆنم، لە مەوە بۆمان دەردەکەوێت یەکێکە لە بەرووبومە کێڵگەیە گرنگەکانی ناوچەی توێژینەوە کە جوتیارانی ناوچەکە گرنگی زۆری پێدەدەن وبەردەوام لە

هەوڵی پەرەپێدانی زیاترن لە ڕێگەی هێنانی تۆوی باش وپەیڕەو کردنی شێوازی نوێ و زانستی لە بەرهەمهێنانیدا، هەرچەندە وەک بەشێکی زۆری بەرووبومەکانی تر لە باشوری ناوچەکە، لە دەشتی شارەزوور بەتایبەت لە گوندی (گردەنازێ) گرنگی زۆری پێدراوە و تەنانەت دەشتێکی فراوانی ئەوگوندە بە ناوی (کانی پیازان) ناوی دەرکردوە، بەمەش جوتیارانی شارەزای باش و پسپۆڕی باشیان هەیە لە بەرهەمهێنانی ئەم بەرووبومەدا.

**خشتەی (١٠)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرووبومی (پیاز) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣).**

| یەکەکارگێڕیەکان | ٢٠١٤ | | | | | ٢٠١٩ | | | | | ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم | ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە % | بەرهەم/ تۆن | ڕێژە % | بڕشت/ کگم |
| ناوەند | ٢٢٠ | ٩٩ | ٨٨٠ | ٩٩,٣ | ٤٠٠٠ | ٧٥٠ | ٩٩,٣ | ٣١٥٠ | ٩٩,٤ | ٤٢٠٠ | ٦١٠ | ١٠٠ | ٣٠٥٠ | ١٠٠ | ٥٠٠٠ |
| بەرزنجە | ٢ | ١ | ٦ | ٠,٧ | ٣٠٠٠ | ٥ | ٠,٧ | ١٧,٥ | ٠,٦ | ٣٥٠٠ | - | - | - | - | - |
| قەزاکە | ٢٢٢ | ١٠٠ | ٨٨٦ | ١٠٠ | ٣٥٠٠ | ٧٥٥ | ١٠٠ | ٣١٦٧,٥ | ١٠٠ | ٣٨٥٠ | ٦١٠ | ١٠٠ | ٣٠٥٠ | ١٠٠ | ٥٠٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**


١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

لەم خشتەوە بۆمان دەردەکەوێت بەرووبومی (پیاز) یەکێکی ترە لەو بەرووبومانەی ناوچەی توێژینەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ ڕووبەری چێنراو گەیشتۆتە (٢٢٢) دۆنم، لەو ڕووبەرەش بەڕێژەی لە (٩٩%) دەکەوێتە ناوەندی قەزاکە و تەنها بەڕێژەی لە (١%) ی دەکەوێتە ناحیەی بەرزنجەوە، پاشان لە ساڵی ٢٠١٩ ڕووبەرەکە گەیشتۆتە (٧٥٥) دۆنم، وە بە ڕێژەی لە (٩٩,٣%) ی دەکەوێتە ناوەندی قەزاو تەنها بەڕێژەی (٠,٧%) دەکەوێتە ناحیەی بەرزنجەوە، هۆکاری ئەم زۆر زیاد بوونی ڕووبەری چێنراوی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری دابارین لە وساڵە داو ژیانەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە، چونکە یەکێکە لەو بەرووبومە هاوینەیانەی پێویستی بە ئاوی زۆرە بۆ ئاودێری کردنی تا بەرهەمی باشی هەبێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٦١٠) دۆنم، بە بڕشتی (٥٠٠٠) کگم بۆ هەردۆنمێک بە بڕی بەرهەمی (٣٠٥٠) تۆن، هەروەها بەراورد بە ساڵی بنەڕەت ڕووبەری دووئەوەندەو نیوو زیاترە بەڵام بەراورد بە ساڵی پێشوو ڕووبەرەکەی کەمی کردووە هۆکاری ئەم کەمبوونەیش دەگەڕێتەوە بۆزیادبوونی ڕووبەری چێنراوی (پەتاتە) لەوساڵەدا.

**نەخشەی (٤)**

**دابەشبوونی جوگرافی و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی (پیازوپەتاتە) لە یەکەی کارگێڕی قەزای سەیدسادق لەماوەی وەرزی کشتوکاڵی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣).**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (٩- ١٠) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map 10,8)

**٢ ـ ٤ ـ بەرووبومە سەوزەواتییەکان:**

سەوزە یەکێکە لە بەرووبومە کێڵگەیەکان کە گرنگی زۆری هەیە بۆ دانیشتوان، لە چەندین کانزای جۆراو جۆر پێکهاتووە کە لە شی مرۆڤ پێویستی پێیەتی و لە خواردنەکانی دیکەدا دەست ناکەوێت، لە دوای دانەوێڵە دێت لە ڕووی گرنگی خۆراکییەوە بەو پێیەی ڕێژەیەکی بەرزی کاربۆهیدراتیان تێدایە و پرۆتین و ماددەی چەوری بەڕێژەیەکی کەمی تێدایە، بەڵام بەڕێژەیەکی بەرز ڤیتامین و خوێی لە پێکهاتەیدا هەیە (المشهدانی والبرازی، ٢٠٠٠، ص٢٤١). بەشێوەیەکی گشتی سەوزەیش بەگوێرەی کاتی چاندنی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی، سەوزی هاوینە و سەوزەی زستانە، لە ناوچەی توێژینەوە زیاتر گرنگە بە چاندنی بەرووبومی سەوزەی هاوینە دەدەن.

**٢ ـ ٤ ـ ١ ـ سەوزەواتیە زستانەیەکان:**

سەوزەواتیە زستانەیەکان ئەم بەرووبومانەی کێڵگە دەگرێتەوە (سڵق، قەرنابیت، شێلم، توور، گێزەر، خاس) وهەندێک لە سەوزە زستانەیەکانی تر، ئەم بەرووبومە سەوزە زستانەیانە لە ڕووبەرێکی کەمی ناوچەی توێژینەوە چێنراوە بە بەراورد بە بەرووبومە سەوزەواتیە هاوینەیەکان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری تێچوونی دەستی کار و نزمی نرخی بەرهەمەکان و کەمی بڕشت و نەگونجاوی ڕەگەزەکانی ئاوهەوا بەتایبەت نزمبوونەوەی پلەی گەرمی لە وەرزی زستاندا بۆ ژێر (سفر) کە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەرپەرەپێدانی ئەم بەرووبومانە لە ناوچەی توێژینەوە، لەو بەرووبومانەش تەنها (شێلم و توور) بە ڕووبەرێکی فراوان دەچێنرێن، چونکە لە مانگی (ئاب) دەست بە چاندنیان دەکرێت و تا کۆتای (کانوونی دووەم) تەواو دەبن و زەوییەکانیا دووبارە گونجاوە بۆ بەرووبومە کێڵگەیەکانی وەک (گەنم و پاقلەمەنییەکان و سەوزەواتییە هاوینەیەکان)، لە ناوچەی توێژینەوە بە دووەم کەمترین ڕووبەرلە نێو بەروبومە

کێڵگەیەکان بە ڕووبەری (٤٥٨) دۆنم داگیردەکات لە ڕووبەری (١٠٠١٨٢) دۆنم، بە ڕێژەی لە (٠,٥%) لە کۆی ڕووبەری بەرووبومە کێڵگەیەکان جگە لە باخداری، لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) دا وەك لە خشتەی (١١) دەبینرێت، وە لە ڕووبەرەش سەرجەمیان دەکەوێتە دەشتی شارەزوور لە ئیدارەی ناوەندی قەزا بە ڕێژەی (١٠٠%)، هەروەها لە نێو جۆرەکانی سەوزەواتدا (توور) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕوبەرەکەی (١٩٠) دۆنمە، بەڕێژەی لە (٤١,٥%) ڕوبەری چێنراوی سەوزەواتی زستانەیەو بڕی بەرهەمەکەشی ( ٧٦٠) تۆن بووە وبە ڕێژەی لە (٤٠,٢%) ی بڕی بەرهەمی سەوزەواتە، وە کەمترین ڕوبەری چێنراویش (قەڕنابیتە) بەڕوبەری (٣) دۆنم بە ڕێژەی (٠,٦%) ی ڕوبەری چێنراوی سەوزەواتەو بڕی بەرهەمەکەشی (١٢,٦) تۆن و بە ڕێژەی لە (٠,٧%) کۆی بەرهەمی سەوزەوات بووە.

**خشتەی (١١)**

**ڕووبەری چێنراوبڕی بەرهەم و بڕشتی بەروبومی سەوزەواتی (زستانە) لە قەزای سەیدسادق لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣).**

| بەروبووم | ڕووبەری چێنراو /دۆنم | ڕێژە% | بەرهەم/تەن | ڕێژە% | بڕشت /دۆنم/کلغم(*) |
|---|---|---|---|---|---|
| شێلم | ١٥٠ | ٣٢,٨ | ٨٢٥ | ٤٣,٧ | ٥٥٠٠ |
| توور | ١٩٠ | ٤١,٥ | ٧٦٠ | ٤٠,٢ | ٤٠٠٠ |
| سلْق | ٩٠ | ١٩,٧ | ٢٢٥ | ١١,٩ | ٢٥٠٠ |
| گێزەر | ١٠ | ٢,٢ | ٤٧ | ٢,٥ | ٤٧٠٠ |
| قەڕنابیت | ٣ | ٠,٦ | ١٢,٦ | ٠,٧ | ٤٢٠٠ |
| خاس | ٥ | ١ | ١٥ | ٠,٨ | ٣٠٠٠ |
| ئەوانی تر | ١٠ | ٢,٢ | ٤,٥ | ٠,٢ | ٤٥٠ |
| کۆی گشتی | ٤٥٨ | %١٠٠ | ١٨٨٩,١ | %١٠٠ | ٣٤٧٨ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

(*) بڕشت:- بریتیە لە بڕی بەرهەمهێنانی یەك دۆنم لە زەوی بۆ بەروبومێکی دیاریکراو.

**٢ ـ ٤ ـ ٢ ـ سەوزەواتیە هاوینەیەکان:-**

مەبەست لە سەوزەواتی هاوینە هەموو ئەو بەروبومانە دەگرێتەوە کە لە وەرزی هاویندا بەرهەمەکانیان پێدەگات، وە لە چەند جۆرە بەروبوومێك پێکهاتوون کە بریتین لە (تەماتە، خەیار، بامیە، باینجان، کولەکە، شوتی، کاڵەك، ترۆزی دەیم و بەرواو، چەند بەروبومێکی تر)، ئەم بەروبومانە پێویستیان بە چاودێریکرنی ورد هەیە لە کاتی چاندن و بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیاندا وە هەروەها پێویستیان بە دەستی کاری زۆر هەیە لە کاتی پێگەشتنی بەرهەمەکانیاندا، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە ئامێرێك نەیتوانیوە جێگەی دەستی کار لەم بوارەدا بگرێتەوە، لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پلەی دووەم دێت لە نێو بەروبومە کێڵگەیەکان کە ڕووبەری (١٢٩٤٠) دۆنم داگیر دەگات لە ڕووبەری (١٠٠١٨٢) دۆنم کە بە ڕێژەی لە (١٢,٩%) لە کۆی ڕووبەری بەرووبومە کێڵگەیەکان جگە لە باخداری، لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣) دا وەك لە خشتەی (١٢) دەبینرێت، وە لە ڕووبەرەش بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە دەشتی شارەزوور لە ئیدارەی ناوەندی قەزا، بە ڕێژەی (٧٨,١%) بە کۆی ڕووبەری (١٠١١٠) دۆنم، پاشان بەڕێژەی (٢١,٩%) ، بە ڕووبەری (٢٨٣٠) دۆنم لە ئیدارەی ناحیەی بەرزنجەدایە. هەروەها لە نێو جۆرەکانی سەوزەواتدا شوتی بە پلەی یەکەم دێت کە ڕوبەرەکەی (٣٨٩٦)دۆنمە، بە ڕێژەی لە (٣١,١%) ڕوبەری چێنراوی سەوزەواتە وبڕی بەرهەمەکەشی (١١٦٨٨) تەن بووە بە ڕێژەی لە (٢٩,٣%) ی بڕی بەرهەمی سەوزەواتە، وە کەمترین ڕوبەری چێنراویش کۆمەڵێك بەرووبوومە سەوزەیە هاوینەیەکانە بەڕوبەری (٠,٥) دۆنم، بە ڕێژەی (٠,٤%) ڕوبەری چێنراوی سەوزەواتەو بڕی بەرهەمەکەشی (٣٥) تۆن بووە.

**خشتەی (١٢)**

**ڕووبەری چێنراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەروبومی سەوزەواتی (هاوینە) لە قەزای سەیدسادق لە وەرزی کشتوکاڵی (٢٠٢٣)**

| بەروبووم | ڕووبەری چێنراو /دۆنم | ڕێژە% | بەرهەم/تۆن | ڕێژە% | بڕشت دۆنم/کلغ |
|---|---|---|---|---|---|
| شوتی | ٣٨٩٦ | ٣٠,١ | ١١٦٨٨ | ٢٩,٣ | ٣٠٠٠ |
| ترۆزی | ٩٠٠ | ٧ | ١٣٥٠ | ٣,٤ | ١٥٠٠ |
| تەماتە | ١٣٠٢ | ١٠ | ٨٤٦٣ | ٢١,٢ | ٦٥٠٠ |
| بامیە | ٨٥١ | ٦,٦ | ٣٨٢٩,٥ | ٩,٦ | ٤٥٠٠ |
| کاڵەکی دێمی | ٣٠٣٠ | ٢٣,٤ | ٣٠٣٠ | ٧,٦ | ١٠٠٠ |
| کاڵەکی بەراو | ١٧٠ | ١,٣ | ١٢٧٥ | ٣,٢ | ٧٥٠٠ |
| خەیار | ١١٥٥ | ٨,٩ | ٤٠٤٢,٥ | ١٠,١ | ٣٥٠٠ |
| بیبەر | ١٨٠ | ١,٤ | ٣٢٤ | ٠,٨ | ١٨٠٠ |
| کولەکە | ٥٨٥ | ٤,٥ | ٢٦٣٢,٥ | ٦,٦ | ٤٥٠٠ |
| باینجان | ٨٢١ | ٦,٤ | ٣٢٨٤ | ٨,٢ | ٤٠٠٠ |
| ئەوانی تر | ٥٠ | ٠,٤ | ٣٥ | ٠,٠ | ٧٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٩٤٠ | %١٠٠ | ٣٩٩٥٣,٥ | %١٠٠ | ٣٥٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

**٢ ـ ٥ ـ بەرووبومی باخداری:**

لەم سەردەمەدا یەکێکە لە بەرووبومە خۆراکییە سەرەکییەکانی دانیشتوان، لەبەر ئەوەی مادە خۆراکیەکان و ئۆرگانی و کانزاییەکانی وەک (نیشاستەو شەکرو ترش و خوێ) لە خۆدەگرێت و ڤیتامینەکانی تیادایە کە پێویستە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ بەهۆی هەندێک نەخۆشیەوە دروست دەبێت بەتایبەت ڤیتامین (C) لە جۆرە جیاوازەکانی میوەدا هەیە (العلاف، ٢٠٢١، ص٤). هەروەها میوەکان بریتین لەو درەختانەی سود لە بەرەکەیان وەردەگیرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک خۆراکی

مرۆڤ یان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی تر پاش ڕۆیشتنە پیشەسازیە خۆراکییەکانەوەو دەبنە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ پرۆتین و کاربۆهیدرات و کانزاکان و دەرامەتە خۆراکییەکانی تری مرۆڤ، وە هەندێکی تر لەو بەرووبومانە دەڕۆنە پیشەسازییە ناخۆراکیەکانەوە بۆ بەرهەم هێنانی ئالیکی ئاژەڵ (محمد واخرون، ٢٠٠٩، ص٥). لە ناوچەی توێژینەوە چەندین جۆری جیاواز لە درەختی میوەی جۆراو جۆر دەچێنرێت، وەک (هەنار، ترێ، هەرمێ، هەندێ لە میوەکانی تر بەرووبەری زۆر کەم ) هەر لەبەرئەمەش تەنها تیشک دەخەینە سەر ئەو سێ جۆرەی باخداری کە لە ناوچەی توێژینەوە پەرەیان پێدراوەو گرنگی زۆریان هەیە، چونکە توانستە سروشتیەکانی ناوچەکە وەک ڕەگەزەکانی ئاوهەوا وەک (تیشکی خۆر و پلەی گەرمی و دابارین و با) کاریگەری پۆزەتیڤی لە سەر گەشەکردنی قەد و لق و گەڵاو گوڵ و بەری میوەکان هەیە، بە شێوازێک کە دەتوانێت جۆری ئەو درەختانە دیاری بکات کە لە ناوچەکەدا دەتوانرێت بچێنرێت و گەشەبکات و پەرەپێدانی بۆبکرێت (سهر، ٢٠١٩ص٣٨).

هەروەها ڕووبەری چێنراو بەپێی داتاکانی (٢٠٢٣) بۆ بەرووبومی میوە بریتیە لە (١٢٧٨٩) دۆنم بە ڕێژەی (١١,٣%) لە کۆی ڕووبەری گشتی چێنراوی قەزاکە پێک دێنێت، وەک لە خشتەی (١٣) نەخشەی (٥) دەبینرێت ڕووبەری چێنراو جیاوازی ڕووبەر بەپێی ماوەی ساڵانی توێژینەوە دەخەینەڕوو، گرنگترین بەرووبومە باخداریەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە:-

### ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ هەنار:

یەکێکە لە گرنگترین بەرووبومە باخدارییەکان، بریتیە لە درەختێکی بچوک یان دەوەنێکی گەڵاوەرییوولە درەختی ناوچە نیمچە کەمەرەیەکان، ئەم میوەیە میوەیەکی هاوینەیەو سەر بە خێزانی میوە ئاسیایەکانە، سەبارەت بەنیشتیمانی ئەم میوەیە باوەڕوایە ئێران بێت و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ وڵاتانی شام و نیمچە دوورگەی عەرەب و هند و پاشان بۆ ئیسپانیاو کالیفۆرنیا (صحن، ٢٠١٩، ص١٢٩). هەروەها گونجاوترین خاک بۆ ئەم درەختە تا باشترین بەرهەمی تیادا بدات بریتییە لە خاکی تێکەڵەی نیشتوو کە خاوەنی ئاودەرکردنێکی باش بێت، هەرچەندە توانای خۆ گونجاندنی لەگەڵ خاکی لمین و قوڕینیش هەیە، بەڵام کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەی گەشەو بەرهەمی دەرەختەکە دەبێت (الكناني، ٢٠١٦، ص٨١). لە ڕووی پلەی گەرمیشەوە هەنار لەو میوانەیە بۆ گوڵکردن و پێگەیشتن پێویستی بە گەرمی هەیە بە درەختی هاوڕێی گەرمی ناسراوە (حمە يوسف، ٢٠٢٣، ل ٣٦). وە لەو درەختانەیە توانای بەرگەگرتنی سەرمای هەیە، بەتایبەت لە کاتی سوڕی متبووندا، بەڵام هەستیارە بەرامبەر بەستن بە تایبەت پاش کۆتای هاتنی سوری متبوون، وە لە ڕووی پێویستی بۆ پلەی گەرمی ئەم بەرووبومە جیاوازی هەیە لە نێوان جۆرەکانیدا بە جۆرێک هەندێک جۆری ناوخۆی وەک (ساڵەخانی) توانا بەرگەگرتنی ژێر (سفر) هەیە لەکاتی پشوودا بەڵام جۆری تر بیانی وەک (ئەمریکی) هەر ساڵێک پلەی گەرمی بۆماوەی چەند ڕۆژێک زیاتر چەند پلەیەک لە ژێر (سفر) بێت زیانی زۆری دەبێت، بەگشتی پلەی گەرمی نموونەی بۆی لە نێوان (٢١ ـ ٣٨) س دایە، وە بەرزترین پلەی گەرمی زیانبەخشیش بۆی بریتیە لە (٤٣) س و نزمترین پلەی گەرمی گونجاویش بۆی بریتیە لە (١٢) س (العزى، ٢٠١٧، ص١٣٢ ـ ١٣٦). پاشان پێویستی بە (٥٠٠) ملم باران هەیە بۆ ئەوەی چالاکیە ژیانیەکانی بەردەوام بێت، بەڵام لە بەر ئەوەی گوڵکردن گەشەکردنی پێگەیشتنی دەکەوێتە وەرزی بێبارانیەوە ئەوا دەبێت لە ڕێگەی ئاودێرییەوە پێداویستیە ئاوییەکانی بۆ پڕدەکرێتەوە، سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە ڕووبەرێکی فراوانی لە باشوری ناوچەکە لە دەشتی شارەزوور بەم بەرووبومە چێنراوە کە ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٣٤٣٨) دۆنم، بە ڕێژەی لە (٢٦,٩%) ی سەرجەمی ڕووبەری باخداری قەزاکە، بەهۆی گونجاوی سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆییەکان لەم بەشەی ناوچەکە، بۆتە هۆکاری پەرەپێدانی بەردەوامی ئەم بەرووبوومە لە ناوچەی توێژینەوەدا.

### ٢ ـ ٥ ـ ٢ ـ مێو (ڕەزگەری):

ئەم بەرووبومە توانای خۆگونجانی لەگەڵ خاکدا زۆر باشە، هەرئەمەش وای کردووە چاندنی بەربڵاو بێت، بەڵام لەگەڵ هەرجۆرێکی خاکدا جۆرێک لە درەختی (مێو) دەتوانرێت بچێنرێت و سەرکەوتوو بێت، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم بەرووبومە پێویستی بەخاکی گونجاو باش نەبێت، بەڵکو باشترین جۆری خاک بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باش بدات خاکێکی قوڕینی سوکە کە خاوەنی ئاودەرێکی باش بێت (الكناني، ٢٠١٦، ص٨١). سەبارەت بە پلەی گەرمی بە گرنگترین ڕەگەز دادەنرێت کە کاریگەری لە سەر گەشەو بەرهەم و چاندنی جۆری (ڕەزەکە) دەبێت، نزمترین پلەی گەرمی گونجاو بۆ درەختی (مێو) بە پێی زۆربەی توێژینەوەکان بریتیە لە (١٠) س، و بەرزترین (٣٨) س، هەرچەندە بە پێی جۆرە جیاوازەکانیان دەگۆڕێت، کەواتە پلەی گەرمی نموونەی لە نێوان (١٤ ـ ٣٨) س دایە، ئەمەش بەپێی قۆناغەکانی گەڵاو گوڵ و بەرو پێگەیشتن دەگۆڕێت (علی، ٢٠٢٠، ص٩ـ٢٤٩). پاشان باران بارینیش بەشداری کارای هەیە لە دابینکردنی بڕێک لە پێداویستی ئاو بۆ درەختەکە و بەرزکردنەوەی ڕێژەی شێی خاک، هەرچەندە پێویستی (مێو) بۆ ئاو بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی دەگۆڕێت، بەشێوەیەگی گشتی دەتوانرێت درەختی (مێو) بە دێمی بچێنرێت لەو ناوچانەی تێکڕای بارانی ساڵانەی لە نێوان (٤٠٠ ـ ٧٠٠) ملم دایە، لەو بڕەش (٢٥٠) ملم دەکەوێتە قۆناغەکانی گەشەو ژیانەوەی درەختەکەوە (الخزرجی، ٢٠١١، ص١٢٠). سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی فراوانی ڕووبەری چێراوی باخداری لە قەزاکەدا، وە ئەم بەرووبومە بەهەردووشێوازی (دێمی و بەراو) ڕووبەرەکە گەیشتۆتە (٨٨٧٢) دۆنم، بەرێژەی (٦٩,٤%) سەرجەمی ڕووبەری باخداری کە فراوانترین ڕووبەری دەکەوێتە گوندەکانی (مۆرياس وگێڵەدەرەو ) لە ئیدارەی کارگێڕی بەرزنجە، بەشێوازی (دێمی) لە قەدپاڵی گردوو چیاکان چێنراوە بە هۆکاری گونجاوی توانستە سروشتیەکانی ناوچەکە، بۆتە ناوبانگ و تایبەتمەندی بەرهەمی لە بازاڕدا و پەرەپێدانی زیاتر ئەم بەرووبوومە، بەڵام لە بەشی باشووری ناوچەکە لە دەشتی شارەزوور درەختی (مێو) بەشێوازی (بەراو) دەکرێت کە لەم ساڵانەی دوایدا گرنگی و بایەخی لە لایەن جوتیاران پێدراوە، چونکە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی هاندەرە بۆ پەرەپێدانی چەند جۆرێکی جیاوازی (ترێ) وەک ( کشمیشی، کمالی، یاقوتی سپی، حەلوانی) کە بە شێوازی بەراو دەچێنرێت و لە مانگی (ئازار) بە دواوە دەست بە گەڵاو گوڵ دەکات و لە کۆتای مانگی (حوزەیران) پێدەگات، جیاواز لە بەشی باکوری ناوچەکە کە بەشێوازی دێمی لە ناوچەی چیاو گردەکان لە مانگی (ئاب) پێدەگات، هەرئەمەش بۆتە هۆکاری پەرەپێدانی ئەم بەرووبومە لە ناوچەی توێژینەوە.

### ٢ ـ ٥ ـ ٣ ـ هەرمێ:

یەکێکی ترە لەو بەرووبومە باخداریانەی لەم ساڵانی دوای گرنگی زۆری پێدراوە، لەلایەن جووتیارانی ناوچەی توێژینەوە، بەڵام بەهۆی سەرەتای پەرەپێدانی ئەم جۆرەی باخداری ڕووبەری چێنراوی زۆر کەمترە بە بەراورد بە ڕووبەری (هەنار و مێو)، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٣ بە بڕی (١٦٠٠) نەمام لە نەمامگەی کانیانکە بە نرخێکی ڕەمزی دراوە بە جووتیارانی ناوچەی توێژینەوە بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەم جۆرەی باخداری لە ناوچەکەدا، سەرەڕای ئەوەی لە بازاڕی ڕەش ژمارەیەکی زۆر لە جوتیار

نەمام دەکرێن و لەزەویەکانیان دەی چێنن، ئەم پەرەپێدان وزیادکردنی ڕووبەر بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن جوتیارانی دەشتی شارەزوور لە بەشی باشوری قەزاکە دەکرێت، بە هۆکاری گەنجاوی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە بۆ پەرەپێدانی جۆرێکی تایبەت کە لە ناو جوتیارانی ناوچەکە بە هەرمێی (بەیروتی) ناسراوە، کە لە مانگی (ئازار) دەست بە گەڵاو گوڵ دەکات و لە مانگی (تەمووز) پێدەگات و خواستێکی زۆری لەسەرە لەلایەن بازاڕی ناوخۆی.

**٢ ـ ٥ ـ ٤ ـ ئەوانی تر:**

سەرجەم ئەو جۆرانەی بەرووبومی باخداریە، کە تەمەنیان کورتەو ڕووبەرێکی کەمی باخداری ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، وەک (قۆخ و قەیسی و هەڵوژەو سێو) ، کۆی گشتی ڕووبەری چێنراوی گەیشتۆتە (٣٧٣) دۆنم، هەروەها ساڵ لە دوای ساڵ ڕووبەریان ڕوولە کەمی دەکات، بە هۆکاری ئەوەی تەمەنیان کەمە و درەختەکانیان زوو لە ناودەچن، بەمەش جوتیاران هیچ پەرەپێدانێکیان بۆ ئەم جۆرانەی باخدای نەکردووە گرنگیان نیە لە ناوچەکەدا. وەک لە خشتەی (١٣) دەبینرێت، لە نێو جۆرەکانی باخداریدا مێو(ڕەزگەری) بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراوە کە گەیشتۆتە (٨٨٧٢) دۆنم، بە ڕێژەی لە (٦٩,٤%) ی ڕوبەری چێنراوی سەرجەمی باخداری قەزاکەیە وبڕی بەرهەمەکەشی (٢١٢٩٢,٨) تەن بووە وبە ڕێژەی لە (٦٠,٢%) ی بڕی بەرهەمی باخداریە، وە کەمترین ڕوبەری چێنراویش باخی (هەرمێ) یە کە ڕوبەرەکەی (١٠٦) دۆنمە ، بە ڕێژەی (٠,٨) ڕوبەری چێنراوی باخداریە، بڕی بەرهەمەکەشی (٢٢٢,٦) تەن بووە.

**خشتەی (١٣)**

**ڕووبەری چێنراوبڕی بەرهەم و بڕشتی بەروبومی (باخدار) ی لە قەزای سەیدسادق لە ساڵی (٢٠٢٣)**

| بەروبووم | ڕووبەری چێنراو /دۆنم | ڕێژە% | بەرهەم/تۆن | ڕێژە% | بڕشت دۆنم/کلغم |
|---|---|---|---|---|---|
| هەنار | ٣٤٣٨ | ٢٦,٩ | ١٣٠٦٤,٤ | ٣٦,٩ | ٣٨٠٠ |
| ترێ | ٨٨٧٢ | ٦٩,٤ | ٢١٢٩٢,٨ | ٦٠,٢ | ٢٤٠٠ |
| هەرمێ | ١٠٦ | ٠,٨ | ٢٢٢,٦ | ٠,٦ | ٢١٠٠ |
| ئەوانی تر | ٣٧٣ | ٢,٩ | ٨٢٠,٦ | ٢,٣ | ٢٢٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٧٨٩ | %١٠٠ | ٣٥٤٠٠,٤ | %١٠٠ | ٢٦٢٥ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی باخداری، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

**خشتەی (١٤)**

**ڕووبەری چێنراوی بەرووبومی (باخداری) بە ( دۆنم) لە قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣)**

| یەکەی کارگێڕی | ٢٠١٤ | | ٢٠١٩ | | ٢٠٢٣ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر | ڕێژە % | ڕووبەر | ڕێژە % | ڕووبەر | ڕێژەی% |
| ناوەند | ٢٣٧٨ | ٢١,٣ | ٢٨٩٠ | ٢٤,٣ | ٣٥٨٩ | ٢٨ |
| بەرزنجە | ٨٧٩٠ | ٧٨,٧ | ٩٠٢٥ | ٧٥,٧ | ٩٢٠٠ | ٧٢ |
| کۆی گشتی | ١١١٦٨ | ١٠٠ | ١١٩١٥ | ١٠٠ | ١٢٧٨٩ | ١٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**


١ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، بەشی باخداری، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

٢ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق، هۆبەی کشتوکاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠٢٣.

لێرەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت بەپێی داتاکانی باخدرای لە ساڵی ٢٠١٤ کۆی ڕووبەری گشتی باخداری قەزاکە گەیشتۆتە (١١١٦٨) دۆنم، لەو ڕووبەریش (٢٣٧٨) دۆنمی کەوتۆتە ناوەندی ئیداری قەزاکەوە لە دەشتی شارەزوور بە ڕێژەی (٢١,٣%) کە بەشی هەرە زۆری بە باخی هەنار چێنراوە و بە ڕووبەری (٨٧٩٠) دۆنم، بە ڕێژەی (٧٨,٧%) لە ئیدارەی بەرزنجەیە و بەشی هەرەزۆری بە باخی مێو (ڕەزگەری) چێنراوە، بەهۆکاری گونجاوی توانستە سروشتییەکانی ناوچەکە بەشێوازی (دێمی) لە قەدپاڵی چیاو گردەکان چێنروە پەرەیان پێدراوە، پاشان لە ساڵی ٢٠١٩ بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەری باخداری ڕووی لە زیادبوونی بەردەوام بوە ڕووبەرەکەی لە ناوەندی قەزا گەیشتۆتە (٢٨٩٠) دۆنم، بەڕێژەی لە (٢٤,٣%) بەراورد بە ئیدارەی ناحیەی بەرزنجە، ڕووبەرەکەی گەیشتۆتە (٩٠٢٥) دۆنم، بەڕێژەی (٧٥,٧%) ڕووبەری گشتی قەزاکە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٣ زیادبوونی ڕووبەری باخداری بەردەوامی هەبووەو پەرەپێدانی زۆری بۆکراوە بەتایبەت (هەنارو هەرمێ و ڕەزگەری)، کە بە ڕێژەی لە (١٤,٥%) زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی بنەڕەت، هۆکاری زیاد بوونی بەردەوامی ڕووبەری باخداری لە ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە.

**نەخشەی (٥)**

**دابەشبوونی جوگرافی و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی (باخداری) لە یەکەی کارگێڕی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (٢٠١٤، ٢٠١٩، ٢٠٢٣).**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (١٤) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ( Arc Map 10,8**

## دەرئەنجام

١ ـ بەرووبوومە كشتوكاڵیەكان بەجۆرو رووبەری جیاواز لە نێوان ناوەندی قەزا بە رووبەری (٩٠٥١٢) دۆنم، ناحیەی بەرزنجە بەرووبەری (٢٢٣٨٠) دۆنم لە كۆی رووبەری (١١٢٨٩٢) دۆنم دابەشبوون.

٢ ـ بەرووبوومی دانەوێڵەی زستانە فراوانترین رووبەری چێنراوی ناوچەی توێژینەوەیە، بەرێژەی لە (٧٤,٤%)، بە هۆكاری فراوانی بەكارهێنانی ئامێرە تەكنەلۆجیایەكان و كەمی تێچوونی بەبەراورد بە بەرووبوومەكانی تر.

٣ ـ جیاواز لە سەرجەم بەرووبومە كشتوكاڵیەكان تەنها بەرووبومی باخداری فراوانترین رووبەری دەكەوێتە ئیدارەی ناحیەی بەرزنجە بەرووبەری (٩٢٠٠) دۆنم بەرێژەی لە (٧٢%) بەراورد بە ناوەندی قەزا.

٤ ـ بەرووبوومە پاقلەمەنیەكان كەمترین ڕووبەری چێنراوی ناوچەی توێژینەوە داگیردەكات بەڕێژەی لە (١%).

٥ ـ بەرووبومە سەوزەواتیە هاوینەیەكان و باخداری بەردەوام ڕووبەری چێنراوی رووی لە پەرەپێدان و زیاد بوونە، بەهۆكاری بوونی خاكی بەپیت و ئاوی پێویستی ژێرزەوی و دەستی كاری زۆر لە باشوری ناوچەی توێژینەوە.

٦ ـ گەشەكردن و پەرەپێدانی بەرووبومە سەلكدارەكان بەتایبەت (پەتاتە)، بەرووبەری (١٠٠٠) دۆنم لە كۆی گشتی ڕووبەری (١٦١٠) دۆنمی بەرووبومە سەبلكدارەكان، بەهۆكاری گرنگی ئەم بەرووبومە وەک سەرچاوەیەكی خۆراكی گرنگی دانیشتوان و بەكارهێنانی وەک كەرەستەی خاوی هەندێک لە پیشەسازیەكان.

## ڕاسپاردە

١ ـ ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانی سنوری ئیداری بەرزنجەو پەرەپێدان و زیادكردنی رووبەری چێنراوی بەرووبومی كێڵگەی سەوزەواتیە هاوینەیە جۆراو جۆرەكان ئەم سنورە.

٢ ـ دانانی پلانێكی ستراتیژی بۆ بە بازاڕی كردنی بەرووبومە كشتوكاڵییەكانی وەک (سەوزەواتیە هاوینەیەكان و باخداری)، لە ڕێگەی گرنگی دان، بەبەرهەمی ناوخۆیی و ڕێگری كردن لە هاوردەكردنی بەرووبومی دەرەوە، لە كاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆیی.

٣ ـ وەرگرتنی تەواوی بەرهەمی دانەوێڵە زستانەیەكان بە نرخی گونجاو لەلایەن حكومەت بەتایبەت گەنم بۆ زیاتر پەرەپێدانی ئەم بەرووبومە ستراتیژیە.

٤ ـ هاوكاری كردنی حكومەت لە دابینكردنی بەشێكی پێداویستە كشتوكاڵیەكانی وەک (دەرمان و تۆی باش و پەینی كیمیاوی) بۆ كەمكردنەوەی تێچوونی كشتوكاڵی و پەرەپێدانی زیاتری بەرووبومە كێڵگەیەكانی ناوچەكە

٥ ـ دروستكردنی پۆند و كۆگاكردن وكۆكردنەوەی ئاوی سەرزەوی بۆ بەراوكردنی زەویە وشک و دێمەكانی ناوچەی توێژینەوە.

٦ ـ دامەزراندنی كارگەی گوشینی (هەنار و ترێ) بۆ بە پیشەسازی بەرهەمە جۆراوجۆرەكانی لەلایەک، وە لەلایەكی تر دروستكردنی كۆگای ساردكەرەوە بۆ پاریزگاری كردن و هەڵگرتنی بەرووبومە كشتوكاڵیەكانی وەک (پەتاتەوهەنارو ترێ) لەكاتی زۆری بەرهەم و مانەوەی لە بازاڕدا.

## لیستی سەرچاوەكان


**سەرچاوەی كوردی كتێب:-**

ئیسماعیل، ئەحمەد جەلیل؛ كۆخاصادق، محمد زاهیر ، ٢٠٢٠، جوگرافیای كشتوكاڵ، چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا.

جاف، فەرەیدون منصور، ٢٠٢٣، زێری سەوز، بەرگی سێیەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا.

رەئوف، هاوڕێ مەلا، ٢٠١٢، شوێنی جوگرافیا، چاپی یەكەم، كتێبخانەی هەورامان.

**كوردی،نامەی ماستەرو دكتۆرا:-**

حەمەیوسف، عطا حەمەلاو، ٢٠٢٣، ڕۆڵی بەرووبومە كشتوكاڵییە پیشەسازییەكان لە پەرەپێدانی پیشەسازیی لە پارێزگای سلێمانیدا (لێكۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ئابوری)، تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمان.

ابراهیم، گەیلان رسول فقی، ٢٠٢٤، چاودێریكردنی بەرهەمی گەنم و جۆ لە دەشتی هەریر بە بەكارهێنانی تەكنیكەكانی هەستكردن لە دوورەوە (٢٠٢١ ـ ٢٠٢٢)، تێزی دكتۆرا، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران.

عبداللە، مقداد عمر، ٢٠١٥، كاریگەری ئاووهەوا لەسەر بەرهەمهێنانی سەوزەی هاوینە لە پارێزگای هەڵەبجە، نامەی ماستەر، سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

تۆفیق، سەروەر علی، ٢٠٢٣، توانستە جوگرافیەكانی پەرەپێدانی كشتوكاڵ لە قەزای پێنجوێن، نامەی ماستەر، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی.

محمد، ساكار كمال، ٢٠١١، توانستە جوگرافیەكانی پەرەپێدانی چالاكی كشتوكاڵ لە قەزای ئاكرێ، ماستەر نامە، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین.

**سەرچاوە حكومیەكان:**

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی كشتوكاڵی سەیدسادق، بەشی پلاندانان، داتای بڵاو نەكراوە، ٢٠٢٣.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی سلێمانی، بەڕێوبەریتی كشتوكاڵی سەیدسادق، هۆبەی كشتوكاڵی بەرزنجە، داتای بڵاو نەكراوە، ٢٠٢٣.

**سەرچاوە فارسیەكان.**

كوچكی، عوض، ١٣٨٥، زراعت درمناطق خشك، چاپ نهم، چاپخانەی سعید.

دیلون، جاسبرسینگ، اس،اس، ١٣٨٥، جغرافیای كشاورزی، ترجمة دهقانیان و بقیة، چاپ چهارم، دانشگای فردوس مشهد.

**عرەبی نامەی ماجستیرو دكتۆرا:**

صحن، هنادی عادل، ٢٠١٩، موشرات التغیر المناخی واثرها فی زراعه و انتاج محصول الرمان فی محافضه واسط، رساله ماجستیر، كله التربیه، جامعه بغداد.

علی، علی سعدون احمد، ٢٠٢٠، طورالراحه واثره علی انتاجیه الفاكهه النفیضه فی العراق باستخدام نضم المعلومات الجغرافیه، رساله ماجستر، كلیه الاداب، جامعه العراقیه.

العزی، فواد خلیل ابراهیم، ٢٠١٧، تاثیر الضروف المناخیه علی انتاج اشجار الفاكهه فی قضا یعقوبه محافضه دیالی العراق (اشجار الرمان و العنب دراسه تطابیقیه)، رساله ماجستێر، كلیه الاداب، جامعه الاسكندریه.

الخزرجی، مشتاق مالك سوعان، ٢٠١١، اثر المناخ علی انتاجیه اشجار العنب فی قضاء الدجیل للمده (١٩٨٩ ـ ٢٠٠٨)، دراسه فی المناخ التطبیقی الزراعی، رساله ماجستیر، كلیه التربیه، جتمیعه تكریت.

الكنانی، اشواق عبدالکاضم رحیم علی، ٢٠١٦، دور العوامل الجغرافیه فی زراعه اشجار الفاکهه فی ناحیه الحسینیه محافضه کربلاء، رساله ماجستیر، کلیه التربیه اللعلوم الانسانیه، جامعه کربلاء.
الساعدی، ساره حماس جبر، ٢٠٢٠، المکانات والمعوقات التنمیة الزراعیة و أفاقها المستقبلیة فی المنطقة الشرقیة من محافظة میسان، رسالة ماجستیر، کلیة التربیة، جامعة میسان.

## عربی/ کتێب

محمد، سعیدعبدالله، اخرون، ٢٠٠٩، اساسیات الحاصلات البستانیه، الطبعه العامه، جمهوریه مصرالعربیه.
المشهدانی، ابراهیم عبدالجبار؛ البرازی، نوری خلیل، ٢٠٠٠، الجغرافیه الزراعیه، دارالکتب للطباعه و النشر، جامعه الموصل.
الجنابی، عبدالزهرعلی، ٢٠١٣، جغرافیا الصناعة، طبعة الاولی.
السعدی، عباس فاضل، ٢٠١٩، اصول الجغرافیة الزراعة، طبعة الاولی.
هارون، علی احمد، ٢٠٠٠، جغرافیه الزراعیه، طبعه الاول، دار فکر العربی ـ قاهیره.

## مجله،عرەب:

عبدالعزیز، شوقی امین، أخرون، ٢٠١٦، الموقف الحالی لأهم المحاصیل البقولیه، وزاره لزراعه والأستصلاح الارضی، مرکز البحوث الزراعیه، قیسم البحوث التحلیل الأقتصادی للسلع الزراعیه.
سمیه، بن زاید، ٢٠١٥، دراسته تحلیایه للکفاء الأنباتیه لبزوربنات العدس تحت الضروف المحلیه، جامعه الأخوه منتوری قسنطنیه کلیه علوم الطبیعه والحیاه.
ابوسبعه، علی، ٢٠١٨، تسخیر البقولیات الغزائیه لدعم الزراه المواتیه للمناخ، المرکز الدولی للبحوث الزراعیه فی المناطق الجافه.
الشریف، حمدی محمد معوض، ٢٠١٦، المشکلات الانتاجیه و التسویقیه والارشادیه لمحصول البطاطس بیض قری محافضه المنیا، المجله اللمصریه للبحوث الزراعه.
العلاف، ایاد هانی اسماعیل، ٢٠٢١، اساسیات فی انتاج الفاکهه، قیسم البستننه و هندسه الحدائق، جامعه الموصل، کلیه الزراعه والغابات.
سهر، خالدعبدالله، ٢٠١٩، اسباب العقم وقله الاثمار فی اشجارالفاکهه، وزاره التعلیم العالی والبحث العلمی، جامعه تکریت، کلیه الزراعه.